

# پەیماننامەی لۆزان

## ٢٤ی جوولای ١٩٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# ناوەڕۆک


١- ٩٩ ساڵ لەمەوبەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کوردی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرد ....... micnews.net ......... ٣

٢- ئایا دوای سەد ساڵ ڕێکەوتننامەی لۆزان هەڵئەوەشێتەوە..؟ .............................. موحەممەد گەلاڵەیی ....... ٥

٣- لۆزان.. لەباربردنی خەونەکانی میللەتی کورد ............................. کاوان ئەحمەد حمە ساڵح هەڵەبجەی ... ١٢


٤- پەیماننامەی لۆزان و پێگەی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ............................. شاناز هیرانی ......... ٢٨

٥- لەسیڤەرەوە بۆ لۆزان کورد لەکوێ بو؟ چیکرد؟ ................................................ جەعفەر عەلی ........ ٣٥

٦- پەیماننامەی لۆزان، گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا ............................. ئامادەکردنی: زاهیر سدیق .... ٤٣

٧- دوای ٩٩ ساڵ لە پەیماننامەی لۆزان هیچ شتێک نەگۆڕاوە ................................ سەعدی ئەحمەد پیرە ... ٥٢

٨- کاتێک کوردستان دەکەنە عێراقی! ......................................................... عادل باخەوان ......... ٥٥

## ٩٩ ساڵ لەمەوبەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کوردی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرد



٩٩ ساڵ بەسەر پەیمانی لۆزان تێپەڕی، ئەو پەیمانەی جوگرافیای کوردستانی بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەییدا دابەشکرد، پەیمانی لۆزان بە پرۆسەی جینۆساید و لەناوبردنی کورد دەستیپێکرد و وڵاتانیش چاویان لە سیاسەتەکانی کوشتنی کورد داخست.

پەیمانی لۆزان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووە هۆی لەدەستدانی فەرهەنگی یەکڕیزیی گەلان و پچڕانێکی مێژوویی، گەلی کوردیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و سنووریان بۆ کێشا، بەم دەستێوەردانە چەمکی دەوڵەت - نەتەوە هاتە گۆڕەپانەوە و سیاسەتی نکۆڵیکردن و لەناوبردنی کورد لەو چوار وڵاتەی تێیدا ژێردەست بوو دەستیپێکرد.

### لۆزان بۆچی و کەی بەسترا؟

پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەممووزی ١٩٢٣ لە قەڵای ئۆشی "قەڵای مێژوویی شۆڕشگێڕانی سەدەی ١٣" لەلۆزانی سویسرا واژۆکرا، ئەو قەڵایە بووە قەڵای لەناوبردنی شۆڕشی کورد.

لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ كۆنگرەی لۆزان لە نێوان دەوڵەتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانیا، سلۆڤینیا، سربیا و توركیا بەڕێوەچوو، جگە لەوەش وڵاتانی ئۆكرانیا و جۆرجیا و بولگاریا ئەندامی بەشداربووی كۆنگرەكە بوون.

لەسەر پێشنیاری توركیا، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٣دا، قۆناغی دووەمی كۆنگرەی لۆزان دەستی پێكرد، لە دانیشتنی دووەمی كۆنگرەكەدا گفتوگۆكان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوون، لە ئەنجامدا لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ پەیمانی لوزان لە نێوان شاندی توركیا و وڵاتانی هاوپەیمان واژۆ كرا.

ئەو رێكەوتنە لە دژی رێكەوتنی سیڤەر بوو كە (١٠ی ٨ی ١٩٢٠) واژۆكرابوو، ئەو رێككەوتنەی كە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئینگلتەرا و وڵاتانی دیكە بە فەرمی كوردیان وەک نەتەوە ناساند، ئەتاتورك لە بەرامبەردا سزای لەسێدارەدانی بەسەر ئەو كەسانەدا سەپاند كە رێكەوتننامەكەیان واژۆ كردووە، هەموو هەوڵەكانی توركیا بۆ ئەوە بوو كە مادەكانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی رێككەوتنی سیڤەر نەخرێنە بواری جێبەجێكردنەوە.

بەم جۆرە لە دەرەوەی ئیرادەی نەتەوەی كورد، نەخشەی ناوچەكە دووبارە كێشرایەوە، میللەتی كورد و نیشتمانەكەی بۆ دووەم جار لە مێژوودا دابەشكرایەوە، كە وەک نوێكردنەوەی رێككەوتنی قەسری شیرین لە دوو بەشەوە كرایە چوار بەش و كوردستان بوو بە وڵاتێكی كۆلۆنیالی نێودەوڵەتی.

ئەوكاتەی بۆ یەكەمجار ئەتاتورك ئۆتۆنۆمی بەكورددا، بەڵام دواتر پاشگەزبووەوە

پێش پەیمانی سیڤەر لە كۆنگرەكانی ئەرزرۆم و سێواسدا ئەتاتورك و بەرپرسانی ئەوكاتەی توركیا بەڵێنیان بە كورد دا، هەموو مافەكانی كورد بدەن، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠ لە ئەنقەرە، پەرلەمانی توركیا ئۆتۆنۆمی كوردی پەسەند كرد، ئەتاتورك وتی: چارەنووسی كورد و تورك وەک یەكە، كێشەی كورد كێشەی ئێمەیە.

پرسی كورد بە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢١ دیاری كرابوو، كە چارەسەر دەكرێت، بەڵام دواتر بە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٤، كێشەی كورد و بوونی كورد نكۆڵی لێكرا، هەروەها نا بەڵكو دەستیانكرد بە نكۆڵیكردن و كۆچ پێكردن و كوشتنی كورد و وێرانكردنی كوردستان، لە بەرامبەریشدا كورد بە دەیان سەرهەڵدان و شۆڕشی بەرپاكرد، شۆڕشی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥ و شۆڕشی ئاگری "زیلان" ١٩٣٠ و شۆڕشی دێرسیم ١٩٣٧ دیارترین ئەو شۆڕشانە بوون كە كورد ئەنجامیدا.

کاتێک ڕێککەوتنی لۆزان کرا، کورد لە ڕووی سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە دەسەڵات و ڕێکخستنی نەبوو، سەرباری ئەوەش هەتا ئەمڕۆ پەیمانی لۆزانی قبوڵ نەکردووە و دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، قۆناغێکی نوێ بۆ کورد دەستپێیکرد، چەندین حزب لەباکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستبوون و دروشمی شۆڕشی کوردییان بەرزکردەوە.

هەرچەندە ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع ڕێککەوتننامەی لۆزان بە شێوەیەکی دیفاکتۆ لەناوچووە، بەڵام ئەم پەیمانە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە و دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراوان و چەمکی دادپەروەریی نێودەوڵەتیدا لێکبدرێتەوە و دیسان ڕێککەوتنێکی نوێی نێودەوڵەتی مافە نەتەوەییەکانی کورد مسۆگەر دەکات، ئەگەرچی لەباشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کورد خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن بەڵام هێشتا ئەو چوار دەوڵەتەی ٩٩ ساڵ لەمەوبەر کوردیان بەسەردا دابەشکرا هەڕەشە لە بوونی هەر قەوارەیەکی کوردی دەکەن و بەمەترسی ناودەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی micnews.net - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠٢٢

---

## ئایا دوای سەد ساڵ ڕێکەوتننامەی لۆزان هەڵئەوەشێتەوە..؟




**موحەممەد گەلاڵەیی***

ئەمڕۆ ٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٢، ٩٩ ساڵی تەواو بەسەر ڕێککەوتننامەی شوومی لۆزان تێئەپەڕێ، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لەلایەن حکومەتی ئەنقەڕەی ئەوکاتی تورکیا بەسەرۆکایەتی موستەفا کەمال و زلهێزان و دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی

یەکەمی جیهان کە ئەمانە بون: بەریتانیای مەزن، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یابان، یۆنان، سلۆڤینیا، سربۆکراتیا، رۆمانیا، لەلایەکی تریش تورکیا بە تەنیا وەک میراتگری پاشماوەی خاکی عوسمانی لە ئەنادۆڵ قەبوڵ کرابو. لە ئەنجامدا رێکەوتننامەکە لە رۆژی ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ لە وڵاتی سویسرا لە شاری لۆزان مۆرکرا.

تورکیا لە دوای گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی خەون بە گەڕانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە ئەبینێ، ئەمەش قووڵاییەکی مێژوویی هەیە، یەکەم: تورکیا خۆی بە تاکە میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەزانێ، بەڵام ئەم قسەیە بۆ ئەڵمانەکان، ئیتاڵیەکان، یۆنانیەکان، بەریتانیەکان، عەرەب و فارسەکانیش ڕاستە، کە سەردەمانێک لە ڕێگەی ئیمپراتۆرییەتەکانیان وەک: بێزەنتی، ساسانی، خەلافەتی ئومەوی و عەبباسی، بەریتانی و ئەڵمانی حوکمڕانی بەشێکی زۆری خاکی داگیرکراویان لە کیشوەرەکانی جیهان کردوە، ئەبێ ئەوانیش داوای گەڕانەوەی ئەو خاکانە بکەن، وەک بەریتانیەکان داوای خاکی ئەمەریکا بکەن..! ئەمە بۆتە مێژوو و بڕایەوە، چونکە لە دەرئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سێ ئیمپراتۆرییەتی هاوپەیمان بۆ ناو ڕەفەکانی مێژوو پێچرانەوە ئەوانیش:(ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەر، ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)..کە ئەم خەونەی گەڕانەوەی عوسمانییە نوێیەکان هەرگیز نایەتەدی..چونکە ئەبێ نەخشەی جیهان سەرلەبەری دەستکاری بکرێتەوە وەک دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا. دووەم: لە هاتنە سەر کاری پارتی نیشتمانی دایک لە تورکیا لە ١٩٨٣ بەسەرۆکایەتی تورگۆت ئۆزال، کە بە پاڵپشتی سوپای تورکیا بو، کە لەهەمانکاتیشدا هاوپەیمانیەتێکی شاراوەیان هەبو، چونکە بارودۆخی دوای کودەتای ئەیلولی ١٩٨٠ دەسەڵاتی سوپای بردبوە ناو هەمو جومگەکانی دەوڵەتی تورکیا، تیۆرسێنەکانی پارتی حوکمڕان بەسەرۆکایەتی تورگۆت ئۆزال کەوتنە هۆنینەوەی گەڕانەوەی خەونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەڕووی نووسینی کتێب و کردنەوەی زیاتری ئەرشیفی عوسمانی بەڕووی لێکۆڵەران بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی سەروەرییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئاشتکردنەوەی تاکی تورکیا کە بۆ ماوەی هەشتا ساڵ لەسەر پەروەردەیەکی دژ بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕاهێنرابو کە دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی دواکەوتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوە، دوای ئەم هەنگاوە و تەرجەمەکردنی ئەم هەست و نەستەی تورکەکان لەسەر ئەرزی واقیع بۆ گەڕاندنەوەی خاکی عوسمانی بەتایبەتی ویلایەتی موسڵ و حەلەب بو، بەڵام هەمو ئەو هەوڵانە تا ئێستایش هەر وەک خۆراکێک و ماددەییەکی بێهۆشکردن بۆ گەلی تورکیا لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بەکارئەهێنرێت، بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی وەک ئابووری، سیاسی و ئازادییەکانی پێ پەردەپۆش بکەن، دواترین کاریشیان هۆنینەوە و لێدانەوەی ئەو قسەیە کە دوای سەد ساڵ واتە: لە ٢٠٢٣ ڕێکەوتننامەکە کۆتایی دێت، ئەمەشیان هەر ئەچێتە خانەی ئەو مەبەستانەی کە لەسەرەوە باسمانکردن. بەڵام لێرەدا بەچەند بەڵگەیەکی مێژوویی و قانوونی نێونەتەوەیی ئەخەینە ڕوو بۆ هەمو ئەو قسانەی لەبارەی کۆتاییهاتنی ڕێکەوتننامەی لۆزان لە ٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٣ دا ئەکرێن:

**یەکەم**: لە ڕێکەوتننامەی لۆزان دا لە هەر ١٤٣ مادەکەی و پاشکۆکانی هیچ بڕگەیەک یان ماددەیەکی تێیدا نییە، کە نووسرابێت لە دوای سەد ساڵ ڕێکەوتننامەکە هەڵئەوەشێتەوە و هەر یەک لەدەوڵەتانی واژۆکار ئەچنەوە سەردەمی خۆیان و هەرچی بیانەوێت ئەتوانن ئەنجامی بدەن، چونکە هەمو ڕێکەوتننامەیەک بۆ داهاتوە نەک بۆ ڕابردوو، چونکە شەڕی یەکەمی جیهانی ڕوویداوە و تەواو بوە، خۆ قەرار نییە شەڕەکە بەهەمان ناو و سەردەمەکەی هەڵبگیرسێتەوە، کە ئەبێ بگەڕێینە دواوە و کە ئەمەش لەڕووی قانوونی کات مەحاڵە کە کاتژمێر بۆ یەک چرکە بگەڕێتەوە دواوە!..

**دووەم**: لە حاڵی یەکەمدا تورکیا و دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی جیهانی بەو ١٤٣ ماددەی ناو خودی ڕێکەوتننامەکە ڕازی بونە، هیچ کاتێکی دیاریکراوی تێیدا نییە بۆ کۆتاییهاتنی، تەنها لە گەڕاندنەوەی سەروەری تورکیا بۆ سەر تەنگەکانی لە ساڵی ١٩٢٩ دا نەبێت، کە دەوڵەتانی هاوپەیمان ئەوکاتیش ڕەزامەند نەبون تا لە ساڵی ١٩٣٥ دەسەڵاتی تەواوی تەنگەکانیان بۆ تورکیا گەڕاندەوە، لەهەمو ڕێکەوتننامەکەدا هەر ئەو کات بەندییەی تێیدا مەوجودە و هیچی تری تێیدا نییە، ئەو کەسەی بڵێ: ڕێکەوتننامەکە هەڵئەوەشێتەوە، دوو ئەگەر هەیە: یەکەم: دەقی ڕێکەوتننامەکەی بەتەواوی نەخوێندۆتەوە، دووەم: شارەزا و پسپۆڕی تەواوی لە مێژوو و قانوونی دەولی نییە و ڕەدووی خەونێکی هەرگیز بەدینەهاتووی دەوڵەتێکی داگیرکەر کەوتوە!..

**سێیەم**: پەیماننامەی زەهاو لە ١٦٣٩ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی دا مۆرکراوە، کە تێیدا کوردستانیی گەورەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، تا دوایین دارشتنەوەی سنوور لەنێوان عێراق و ئێران، ئێران و تورکیادا کاری پێکراوە و ئەکرێت، کە تەمەنی لە چوار سەدە نزیک ئەبێتەوە، کەواتە: ئەبێ ئەو پەیماننامەیەش کۆتایی پێبێت و دابەشکردنی کوردستانی گەورە نەمێنێت، چونکە پێشتر ئەو خاکانە لە ژێر دەستی میرنشینەکانی کوردستان دابونە و بۆ هەزاران ساڵە خاکی باب و باپیرانی کوردە، ئەگەر قەرار بێت لۆزان هەڵبوەشێتەوە، ئەبێ پەیماننامەی زەهاو و هەمو ڕێکەوتننامەکانی تریش لەسەر دابەشکردن و چارەنووسی خاکی کوردان هەڵبوەشێننەوە، کە ئەمە مافی ڕەوای ئێمەیە و هیچ داگیرکەرێک ئەو مافەی ناکەوێ خاکی ئێمە دابەش بکات و مامەڵەی پێوە بکات.

**چوارەم**: بەپێی ڕێکەوتننامەی لۆزان، تورکیا خۆی واژۆی کردوە کە کێشەی ویلایەتی موسڵ بدرێتە دەست کۆمەڵەی گەلان، کۆمەڵەی گەلان لەڕێگەی ناردنی کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆ، نووسینی ڕاپۆرت و بەرزکردنەوەی بۆ دادگای لاهای نێودەوڵەتی ئەوکاتیش سەر بەکۆمەڵەی گەلان بو، کە لە ئەنجامدا لە ڕێگەی ڕاپرسی خەڵکی ویلایەتی موسڵ، ئەو وەڵامەیان هەڵبژارد کە ئەیانەوێت ببنە بەشێک لە مەملەکەتی هاشمی عێراقی لە ١٩٢٥ دا، دوای ئەمە هەنگاوی دادگای لاهای نێودەوڵەتی بو لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ بۆ پەسەندکردنی دوایین ڕاپۆرت و ڕاپرسی خەڵکی ویلایەتی موسڵ بەهەمو

پێکهاتەکانیەوە کە لە ٩٠% زیاتری کورد بون، دوای ئەمەش ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ هەردوو بڕیارنامەکە ڕاپرسیەکەی خەڵکی ویلایەتی موسڵ و دادگای لاهای نێودەوڵەتی پەسەند کرد، ویلایەتی موسڵ کە زۆرینەی هەرە ڕەهای کورد بو بە مەملەکەتی هاشمی عێراقیەوە لێکندرا، لەو بڕیارەی کۆمەڵەی گەلاندا هیچ مافێک یان کاتێک بۆ هیچ لایەنێک دیاری نەکراوە، کە بەشێک لە خاکی دەوڵەتی عێراق کە کوردستان دوای سەد ساڵ بەپێی ڕێکەوتننامەیەک دابەشئەکرێت یان دەوڵەتی تورکیا مافی داوا کردنەوەی هەبێت!..

**پێنجەم**: لە ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و پەیماننامەی لۆزان لە دوای ساڵی ١٩٢١ - ١٩٢٥ و بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤر لە ١٩٢٠دا، دەوڵەتی عێراقی نوێ چوە ژێر باری دانەوەی قەرزەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەپێی ئەو بەرکەوتەی بەری کەوتبو لە قەرزەکانی عوسمانی، چونکە بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤر خاکی عوسمانی بۆ نزیکەی ٣٩ دەوڵەتی نوێ دابەشکرا کە ٤٠ مین دەوڵەت کوردستان بو، بەڵام ڕێکەوتننامەی لۆزان لە باری برد، یەکێک لەو دەوڵەتە نوێیانە عێراق بو، قەرزی نێودەوڵەتیش وەک بەشێک لە سیادەی دەوڵەتی و خودی دەوڵەتەکە هەژمار ئەکرێت، کە سیادەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابەشکرا ئەوا قەرزەکانیشی دابەشئەبن بەسەر ئەو دەوڵەتە نوێیانەی لەسەر خاک و سیادەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دروست بون، بۆیە عێراق نزیکەی لە سەدا ٢.٥% زیاتری قەرزەکانی عوسمانی دایەوە، کەواتە: عێراق ئەو خاکەی بەری کەوتوە لە سیادەی عوسمانی بە پارەی گەلەکەی کڕیویەتیەوە بەکورد و عەرەب و پێکهاتەکانی تریشەوە، کەوایە مافی چ دەوڵەتێکە داوای بەشێک لە خاکی دەوڵەتێکی تر بکات کە خاوەن سیادەی خۆیەتی..بۆیە تورکیا لەو مەسەلەیەدا تەنها کات بەفیڕۆدانی بۆ ئەمێنێتەوە.

**شەشەم**: بەپێی ڕێکەوتننامەی لۆزان، تورکیا لە ١٠% نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ ماوەیەک وەرئەگرێ، بەڵام تورکیا هەر زوو لە ١٠% نەوتەکەی فرۆشتە بەریتانیای مەزن، بەبڕی ٢٧ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی، بەریتانیاش هەر بە پارەی عێراق ئەو نەوتەی کڕیوەتەوە، چونکە ئەو کاتی جیهان و بەریتانیا لە قەیرانی دارایی دابون، بەتایبەتی لە بەریتانیا باجدەرەکان(کۆمپانیا گەورەکان) ئامادە نەبون باجی زیاتر بدەنە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی بۆ مانەوەی زیاتر لە عێراقدا، بۆیە تورکیا لە سامانی ژێر زەوی ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی کەرکوک بەشی خۆی بردووە، ئەو هەقەی لەلای دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان نەماوە، ئەمە بێجگەلەوەی بەپێی هەندێک سەرچاوەی زانستی وەک ئیریک زۆرچەر، باس لەوە ئەکات کە تورکیا بێجگە لەوەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە تا ساڵانی ١٩٥٢ - ١٩٥٦ بڕی لە ١٠% نەوتی پارێزگاکانی کەرکوک و موسڵی لە ویلایەتی موسڵی جاران بردووە، کەواتە: دووجار پارووی لە ڕۆنەکە داوە، ئایا هەقی لەوە زیاتری هەیە یان نا، بەڵکو جاری یەکەمیش ئەو هەقەی نەکەوتوە، بەڵام بۆیان مەیسەر کردوە، بەهەر حاڵ بەپێی ڕێکەوتننامە و بەپیاوەتی دەوڵەتانیش بێت تورکیا هەقی خۆی لە سامانی سروشتی ئەو ویلایەتە بردووە، کە پڕوپاگەندەی ئەوە ئەکات

کە بەشێکە لە خاکە مێژووییەکەی، ئەگەر تورکیا ڕاستی ئەکرد خاکی خۆیەتی بۆ ئەوکاتی بەرگری لێناکرد و بۆ ئەیخستە سەروسەودای دەوڵەتانی زلهێز و هەرێمی و بە پارە و نەوت ئەیفرۆشت..؟ کەوایە: مەملەکەتی هاشمی عێراقی هەم پارەی قەرزی عوسمانی وەک بەشبوونی خاکەکەی کەوتۆتە ئەستۆی و بە بانکەکانی جیهانی داوەتەوە، هەمیش بەشێکی زۆر لە سامانی ژێر زەوییەکەی داوەتە دەوڵەتی میراتگری عوسمانی کە تورکیایە، چی ماوەتەوە تا دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی دەستووری بیدنەوە بە تورکیا، مەگەر مرۆڤەکانی سەر خاکەکەی نەبێت، ئەمانیش(مرۆڤەکانی کوردستان و عێراق) تورکیا ڕۆژانە بە چەند شێوازێک گیانیان لێئەسێنێت!..

**حەوتەم**: تورکیا یەک تا دوو جار لەرێگەی سەرۆک کۆمارەکەی وتویەتی: ئەبێ ڕێکەوتننامەی لۆزان هەڵبوەشێتەوە، دواتر ئەمە دووبارە نەکردەوە، ئەگەر تورکیا پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی لۆزان بکات، ئەوا تورکیا دابەشی سەر شەش تا هەشت پارچە ئەبێت، چونکە ڕێکەوتننامەی لۆزان سیادەی ئێستای دەوڵەتی تورکیای پێکهێنا و کردی بەو دەوڵەتەی کە ئێستا لەسەر شانۆ و نەخشەی سیاسی جیهان هەیە، دانانی پایتەختیشیان لە ئەنقەرە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکات هەر بۆ ئەم مەبەستە بو، کە تورکیای نەگەڕێتەوە بۆ خەوبینین بەدامەزراندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە پایتەختە لەمێژینەکەی بێزەنتیان و عوسمانیەکانی دوای ساڵی ١٤٥٣ زائینی، ئەگەر تورکیا پێداگری لە نەمانی ڕێکەوتننامەی لۆزان بکات، ئەوا نەخشەکەی وەک ئێستا نامێنێت و کورد، یۆنانیەکان، ئەرمەنییەکان و عەرەبەکان داوای خاکی خۆیان ئەکەنەوە، بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤر خاکی ئێستا تورکیا دابەشی نۆ بەش کرابو کە بەمشێوەیەی خوارەوە بو:

**ناوچەی یەکەم**: ڕەنگی سەوزباو، ئەرمەنییەکان لە بەشێکی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی تورکیا دا.

**ناوچەی دووەم**: ڕەنگی شین: یۆنانیەکان، لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای تورکیا دا.

**ناوچەی سێیەم**: ڕەنگی مۆر، فەرەنسیەکان، لە بەشێکی کەمی خۆرهەڵات و باشووری تورکیا دا.

**ناوچەی چوارەم**: ڕەنگی سوور، بەریتانیەکان، لە بەشێکی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا دا.

**ناوچەی پێنجەم**: ڕەنگی مۆری خەتدار: نفوزی فەرەنسیەکان، لە بەشێکی باشووری و ناوەڕاستی تورکیا دا.

**ناوچەی شەشەم**: ڕەنگی خەتداری سوور: نفوزی بەریتانیەکان، لەبەشێکی خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا دا.

**ناوچەی حەوتەم**: ڕەنگی خەتداری سەوز: نفوزی ئیتاڵییەکان، لەبەشێکی باشوور، ناوەڕاست و ناوەڕاستی خۆرئاوای تورکیادا.

**ناوچەی هەشتەم**: ڕەنگی خەتداری پرتەقاڵی: ناوچەی داماڵراو لە چەک، کە ئیستانبوڵ و خۆرئاوای تورکیای ئەگرتەوە، بێجگە لە شاری ئەدرنە کە لە ژێر دەستی یۆنانیەکان دابو.

دوای ئەوەی کە شەرحی تەواوی ئەم نەخشەیەی سەرەوەمان کرد، جا تورکەکان تێگەیشتون و نالێن پەیماننامەی لۆزان هەڵبوەشێتەوە و بەڵکو ئەڵێن: لۆزان دوای سەد ساڵ تەواو ئەبێت و خاکە لە دەستچووەکانمان کە مەبەستیان زیاتر (ویلایەتی موسڵ)ی جارانە، کە ئەگەڕێتەوە باوەشی تورکیا، مێژوو سەلماندوویەتی لە چەندەها کێشەی وادا، کە هەرە نزیکترینیان لە عێراق و تورکیا مەسەلەی کوێتە، کە چەندە دەوڵەتی کوێت لەسەردەمی مەلیک غازی کوڕی مەلیک فەیسەڵی یەکەم، عەبدولکەریم قاسم و سەددام حوسێن کە بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە کوێت بەشێک بوە لە عێراق و کە لە ئەنجامدا بە داگیرکاری عێراقیش لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ هەر نەگەڕایەوە سەر عێراق، هەر ئەوەندەش ویلایەتی موسڵی جاران ئەگەڕێتەوە سەر خاکی تورکیا، خەونێکی بەدینەهاتووی زۆر ناخۆشە بۆ داگیرکەری تورک، وەک لەسەرەتادا وتمان قانوونی کات ڕێگە بەمە نادات ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ویلایەتی موسڵ و هەڵایسانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دروست ببنەوە واتە: کات بگەڕێتەوە دواوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە خاکی تورکە عوسمانییەکان..ئەمە پێچەوانەی هەمو جوڵەکانی کاتە لە مێژوودا!..

**هەشتەم**: هەتا ئێستا کەمترین زانیاری لە بارەی شەڕی سەربەخۆیی بە خوێنەری کورد زمان گەیشتوە، چونکە لەشەڕی سەربەخۆیی تورکەکاندا موستەفا کەمال پێویستی بە خواردەمەنی و چەک بو بۆ سەربازەکانی، بۆیە دوای کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەلایەن ڕووسەکانەوە، لێکتێگەیشتن و دواتر ڕێکەوتننامەی ئەلیکسەندەری پولی بەدوای خۆیدا هێنا لە ئاداری ١٩٢١ دا، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە موستەفا کەمال ناوچەکانی ناشیزڤان، باتوم و تەرابزۆنی لەسەر دەریای ڕەش دایە ڕووسەکان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە دابینکردنی چەک و خواردەمەنی، کە چۆن تورکەکان ناوچەکانی خۆیان دا بە ڕووسیا بۆ خواردەمەنی و چەک، لەکاتێکدا خاکی ویلایەتی موسڵ وەک لە خاڵەکانی پێشووتردا باسمان کرد، کە خاکی خۆیان نییە و هی کوردە و کە چۆنیش خۆیان ڕەزامەند بون بەپێی ڕێکەوتننامەی لۆزان ببێتە بەشێک لە خاکی عێراق، لەبەرانبەر خاکی ویلایەتی موسڵیشدا پارە و نەوتیان وەرگرت بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ، هەروەها ویلایەتی ئەسکەندەرۆنەشیان پێدانەوە لەبەرانبەر دەستهەڵگرتنی لە ویلایەتی حەلەب و موسڵدا..ئەرێ گەلۆ چ هەقێک لەم داواکارییە هەیە، کە ڕووقایمی و بێشەرمییەکی بێ ئەندازە نەبێت..

**نۆیەم**: تورکیا ڕێکەوتننامەی ئەنقەرەی لەگەڵ حکومەتی مەملەکەتی هاشمی عێراقی و بەریتانیای مەزن لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ دا مۆرکردووە، لەهەردوو پارلەمانی عێراق و تورکیادا لەهەمان مانگی حوزەیرانی ١٩٢٦دا پەسەندکراون و تا ئێستا بەرکارە و کاری پێئەکرێت، ئەم ڕێکەوتنە دوای شەش مانگ لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوە بە عێراق، تورکیا دانی بە سەروەری مەملەکەتی هاشمی عێراق ناوە وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری تەواو، لەهەمو بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنەدا باسی دوارۆژی ویلایەتی موسڵ نەکراوە، لەبەرئەوەی بەشێک بوە لە عێراق، کە یەکەمین ڕێکەوتنی نێوان هەردوو دەوڵەتە زیاتر

ڕەهەندێکی ئاسایشی و هاوکاری نێوانیان هەیە، کە هەمو ڕێککەوتنەکانی تری نێوان هەردوو دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەم ڕێکەوتننامەیەی ئەنقەرە کراون، کە هیچ بەند و ماددەیەکی تێیدا نییە کە عێراق و دواتر کە هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١ دروستبو پابەند بکات بە گەڕاندنەوەی بەشێکی خاکی خۆیان بۆ سەر تورکیا، بەهیچ شێوەیەک باسی تەواو بونی کاتی ڕێکەوتننامەی لۆزانیش نەکراوە!..

**دەیەم**: ئەگەر تورکیا بیەوێت پەیماننامەی لۆزان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەبێت ئەم ڕووداوانە ڕووبدەن یان ئەم کارانە بکات..گەڕاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ڕوونەدانی شەڕی یەکەمی جیهانی، نەڕووخانی سێ ئیمپراتۆرییەتە هاوپەیمانەکە: ئەڵمانی، نەمسا - مەجەر و عوسمانی، نەبەستنی کۆنفرانسەکانی ئاشتی لە پاریس، سانریمۆن، لۆزان، هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنی بەلفۆر بۆ جولەکەکان، هەڵوەشاندنەوەی ٣٩ دەوڵەت کە لە سەر خاکی عوسمانی لە بەشێکی خاکی باکووری ئەفەریقا، ئاسیا و خۆرهەڵات و باشووری ئەوروپا لە بەڵقان دروستبون، هەڵوەشاندنەوەی ڕاپرسی خەڵکی ویلایەتی موسڵ بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە عێراق، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارنامەی دادگای لاهای نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ئەنقەرەی ١٩٢٦، دانەوەی قەرزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە هەر ٣٩ دەوڵەتەکە قەرزەکەیان داوەتەوە بەپێی بەرکەوتەیان لەوانە عێراق، دانەوەی بڕی لە ١٠% نەوتی فرۆشراوی ویلایەتی موسڵ، دانەوەی بڕی ئەو پارەیەی کە بڕی ئەو نەوتەی بە پیاوەتی دەوڵەتی بەریتانیا ١٩٢٧ - ١٩٥٦ دا لە عێراقدا لە نەوتی کەرکوک بە تورکیای داوە..کە ئەم ڕووداوانە هەموی بەیەکەوە یەک زنجیری بە ئەڵقە بەستراوی یەکترین، بۆیە لە مەحاڵ مەحاڵتر بۆ دەوڵەتی تورکیا هیچی تر نەبێت نامێنێتەوە.

### *پوختەی ئەنجام:

لەنوێترین لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەرکەتووە، پەیمانی لۆزان ١٩٢٣، ڕێکەوتننامەیەک بوە دژ بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بوە بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤردا ١٩٢٠، چونکە موستەفا کەمال، لە بارودۆخێکی سەختی شەڕەکەی کە بەناوی (سەربەخۆیی) ملکەچی بۆ دەوڵەتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم و دەوڵەتی عوسمانی نەنواند، خۆڕاگری تورکە نەتەوە پەرستەکان بۆ دروستکردنی نیشتیمانێکی گەورەی تورک و دابینکردنی مافی هەموو نەتەوەکانی نێو ئەم نیشتیمانە، لەسەر خاک و ڕەنجی کوردانی باکووری کوردستان بو، کە توانی باشووری تورکیای ئێستا لە نفوزی فەرەنسایی و ئیتاڵییەکان، باکووری خۆرهەڵات لە ڕووس و ئەرمەنەکان، باشووری خۆرهەڵات لە نفوزی ئینگلیزەکان بپارێزێت، هەروەها باشووری خۆرئاوا و خۆرئاوای ئەنادۆڵ لە یۆنانیەکان پاک بکاتەوە، کە ئەمە بوو بەسەرەتای بناغەیەکی گەورەی بەهێز بۆ دەرکەوتنی حکومەتی ئەنقەرە لەسەر شانۆی سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی لە تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ تاوەکو ئەمرۆ. کە

یەکەم بەرهەمی پەیماننامەی لۆزان بو، کە بو بەهۆی کوشتنی خەونی دەوڵەتی کوردستان، کە پەیماننامەی سیڤەر لە سێ مادە بەنێوبانگەکەی لە سەر ٢٠% خاکی کوردستانی گەورەی نەخشاندبووی، کەواتە؛ ڕۆژی ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ ڕۆژی کۆتاییهێنان بو بەو مافە نەتەوەییەی کورد کە بیێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی لەسەرەتادا کوردستانی باکوور و دواتر بەشەکانی تری کوردستان ئەگەر بیانەوێت لەڕێی ڕاپرسی ببنە بەشێک لەو دەوڵەتەی کوردستان، ئەمەش بەپێی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤر بۆ کورد دەستەبەر کرابو.

*مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤین - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠٢٢

---

## لۆزان.. لەباربردنی خەونەکانی میللەتی کورد



کاوان ئەحمەد حمە سالح هەڵەبجەی

٩٦ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە ڕێککەوتننامەی لۆزان مۆرکراو وەک سەرەتایەک وابوو بۆ لەباربردنی خەونەکانی میللەتی کورد.

پەیمانی لۆزان ئەو پەیمانەیە کەدوای جەنگە چاڵدێرانی سەفەوی و عوسمانی بۆجاری دووەم کە کوردستانی گەورەی تێدا دا بەشکراو بوو بە ژێر دەستەی دەوڵەتە گەورەکان و زلهێزەکانی جیهان، پاش ئەوەی (کەمال ئەتا تورک) سەرۆک و دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا، بە هەوڵی دیپلۆماسی و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤێتی جاران توانی (پەیمانی سیڤەر) هەڵوەشێنێتەوە، لە رێکەوتی ٢٤ - ٧ - ١٩٢٣ کۆنفرانسێکی نوێ لە لایەن دەوڵەتانی ئینگلیزو فەرەنسا و ئیتاڵیا و رووسیا، لە شاری "لۆزانی وڵاتی سویسرا" بەسترا، مەبەست لە بەستنی ئەو کۆنفرانسەش، کەبە (پەیمانی لۆزان) ناوی دەرکرد، دارِشنەوەی سەرلەنوێ قەوارەی سیاسی و جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. لەو رۆژەدا بوو بریارێکی نامرۆڤانەو، دوور لە هەموو یاساو پرانسیپێکی مرۆڤی و نێو دەوڵەتی لە دژی نەتەوەی کورد درا، بەبێ ویست و ئاگاداری نەتەوەی کورد خاکی کوردستان و تێکرا دانیشتوانەکەی لە نێوان هەر چوار دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دابەشکرا. پارچەی پێنجەمی کوردستانیش کەبە کوردستانی سوور ناو دەبرا، کەوتە ژێر دەستی یەکێتی سۆڤێتەوە، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، پاش دارِشتنی قەوارەی سیاسی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیان لە ناوچەکەدا، دەستیان کرد بە یارمەتی دانی سەربازیی و فرۆشتنی چەک و پشتیوانی کردنی سیاسی و دیبلۆماسی لەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا بوو.



ئەم پەیماننامە لە١٠ی ٨ی ١٩٢٠ لەنێوان دەوڵەتانی (تورکیاو بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلجیکا، یۆنان، پۆڵەندا، پروتوگال، رۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلوانیا، چیکۆسلۆفاکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - وەک چاودێر) مۆرکرا کە (شەریف پاشا)وەک نوێنەری کورد بواری پێدرا بەشداری بکات، ئەم پەیمانامە وەک چارەسەر بۆ

کێشەی وولاتانی ژێردەسەلاتی عوسمانی کەهاوپەیمانان داگیرکرابوون بەسترا کە لە( ٤٢٢)مادە پێکهاتبوو، کە بەندەکانی (٦٢ - ٦٣ - ٦٤) دەربارەی مەسەلەی کوردو ناوچە کوردیەکان بوو،

**کەنێوەرۆکی ئەو سێ مادەیش بریتی بوو لە؛**

**مادەی(٦٢)**: لیژنەیەک لەسێ ئەندام پێک دێت کەلە(٣) کەسایەتی (بەریتانی، فەرەنسا و ئیتالیا)کە حکومەتی ئەو سێ دەوڵەتە دیاری دەکەن، مەڵبەندی لیژنەکەش شاری (ئەستامبول)دەبێت،ئەم لیژنەیەش پێویستە لەماوەی شەش مانگدا کارەکانیان ئەنجام بدەن، کارەکەشیان ئامادەکردنی یاسایەکە بەمافی فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان کەزۆرترینی دانیشتوانی کوردن کەکەوتۆتە خۆرهەلاتی فورات وباشوری سنوری ئەرمینیا وباکوری سنوری سوریاو عێراق، هەروەها وەک لەبەندی(٢٧)لەمادەی (٢،٣)دا دیاری کراوە ئەگەر ئەندامانی لیژنەکە بریاریاندا لەسەر هەرکێشەیەک لەکێشەکان ئەدا ئەوا هەر ئەندامێک کێشەکەی بەرەو ڕووی حکومەتەکەی دەکاتەوە، ئەم پرۆژەیەش واپێویست دەکات کەمافی ئاسوری وکلدانی وکەمە نەتەوەیی وئاینیەکان لەخاکی کوردستاندا دەژین دیاری بکات، لەپێناوی ئەم مەبەستەدالیژنەیەک لە ئینگلیزوئیتالی و ئێرانی وکوردێک ئەنێرێت بۆناوچەکە، ئەم لیژنەیە بڕیار لەسەر گۆڕانکاری لەسەر سنور ی تورکیا دەدات، ئەگەر پێویستیشی کرد بەپێ ی بەندەکانی پەیماننامە ئەوا سنوری نێوان تورکیاو ئێران دەکات.

**مادەی(٦٣)**: دەوڵەتی عوسمانی پەیمان دەدات بەپێ ی بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو کەلەبەندی (٦٣)دا هاتووە دوو لیژنە ئامادەبکات و لەماوەی (٣)مانگدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارانە بڕیاری پێویست جێ بەجێ بکات.

**مادەی(٦٤)**: ئەگەر گەلی کورد لەوناوچەیەی کەلەو ناوچەیەی بەندی(٦٢)دا هاتووە لەماوەی سالێکدا ڕووی کردە کۆمەڵەی نەتەوەکان وزۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان کرد لەتورکیا، وە ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان زانیان ئەم گەلە شایانی ئەم سەربەخۆییەن ئەوا کۆمەڵەی نەتەوەکان ئامۆژگاری تورکیا دەکات بۆ ئەم مەبەستە تورکیاش ئەم ئامۆژگاریانە جێ بەجێ بکات، بەوەی وازدەهێنی لەهەموو مافەکانی خۆی لەوناوچانە کە ئەم پەیمانامە دەیگرێتەوە ،ئەگەر ئەم وازهێنانەش لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ کرا ئەوا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کۆسپێک ناخەنە بەردەم ئەو ڕێگایەی کەدەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەودەوڵەتە کوردییە سەربەخۆییە لە گەڵ ئەوکوردانەی لەوویلایەتی موسڵیشدا دەژین.

بەلام ئەم پەیمانامەیە سەری نەگرت و پەیمانێکی تر شوێنی گرتەوە کە ئەویش پەیمانی لۆزان بوو.



پەیمانی سیڤەرو کورزی کوشندە لە گەنجە تورکەکان

پەیمانی سیڤەر پەیمانێکی ئاشتیانەیە لەنێوان عوسمانلی یەکان و سوێندخۆرەکاندا (الحلفاء) کەلە سالّی (١٩٢٠) داو لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا مۆرکراوە بەڵام (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ی سەرۆکی (بزوتنەوەی نیشتمانی تورک)ی ڕازی نابێت بەو ئاشتی یە، چونکە کەمال ئەتاتورک دەڵێت:

(ئەم پەیمانە بەزەرەری ئێمە تەواو دەبێت چونکە زەوی و زارێکی زۆرمان داگیر کردووە لەکاتی شەردا لەدەستمان دەچێت) دوای ڕاگەیاندنی پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٠، گورزێکی گەورە لە بزووتنەوەی نیشتیمانی گەنجە تورکەکان کەوت، کە لەلایەن لیژنەی ئیتیحیادی وتەرەقی سەرپەرشتی دەکران، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە گۆڕا بۆ جوڵانەوەیەکی سەربازی لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، لە ژێر ناونیشانی (جەنگی سەربەخۆیی) یان(حرب الاستقلال)، کەسایەتێکی نوێی خستە سەر گۆڕەپانی تازەی دەوڵەتی عوسمانی، کە مستەفا کەمال ئەتاتورک و جەنراڵە هاوڕێکانی کە پێکهاتبوون لە عیسمەت ئینۆنۆ و جەلال بایار و حسین رووف و علی فواد..هتد..شایانی باسکردنە ڕۆڵی تورکیا لە دوای سەرکەوتنەکانی سوپاکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بەسەر ئەرمەنییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵات و یۆنانییەکان لە باشووری ڕۆژئاوا و ئەنادۆڵی ڕۆژئاوا، دەرگای دیپلۆماسی لەسەر حکومەتێکی ناشەرعی کردەوە کە خودی مستەفا کەمال ئەتاتورک حوکمداری بوو، بۆیە دەوڵەتانی سەرکەوتوو یاخود هاوپەیمانان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بۆ دیاریکردنی حکومەتێک کە تورکیای دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڕێوەببات، پێویست بوو گفتوگۆ لەگەڵ گروپێکی تازەدا بکرێت، کە ڕابەرایەتی شەڕی ئیستقلال یان دەکرد. بەڵام ئەم دەرفەت پێدانەی دەوڵەتانی ئەورووپی بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا، بە تورکیا و ئەتاتورک وەک ڕووی یەک دراو وابوون، دەرفەتەکەیان قۆستەوە، بەمەرجێ

وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی جیهانی کار لەسەر جێبەجێکردنی مادەکانی پەیمانی سیڤەر نەکەن، بەتایبەتی ئەو مادانەی کە چارەنووسی سنووری دەوڵەتی داهاتووی تورکیا دیاریدەکەن، بەلای وڵاتانی وەک بەریتانیا وفەرەنسا گرینگ بوو کە تورکیا وەک وڵات و شوێنگەی جوگرافی رۆڵێکی چارەنووسسازی دەبێت لە یەکلایکردنەوەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەهەمانکاتیشدا دەوڵەتانی ئاماژەپێکراو سێیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان وەک داگیریەک بەنێوی سەرپەرشتی کردن(انتداب) بەڕێوەدەبرد.

**ئەو هۆکارانەی کەوای کرد پەیمانی سیڤەر سەر نەگرێت و بریتی بوون لە:**

١- بەهێزبوونی کەمالیەکان بوو، وە ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە کە مەکالی و (عیێمەت ئنونوی)سەرکردەی کەمالیەکان بەدەستیان هێنا ،چەنکە کەمالیەکان بەسەرکردایەتی (مستەفا کەمالی - کەدواتر ناسرا بەکەمال ئەتاتورک) هەر لەسەرەتاوە دژایەتی ئەم پەیمانەیان دەکرد.

٢- گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا کەلەسەرتاوە پشتگیری لەمافەکانی کورد دەکات بەڵام دواتر وازی لێ دەهێتنێت، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری لەپشتەوە بوو لەوانە: لاوازی سەرکردایەتی کورد و هەروەها دۆستایەتی و پشتگیری ڕووسەکان بۆکەمالیەکان کە ئەمەش ترسێکی گەورەی بۆبەریتانیا درووست کرد، کە دەیویست بیری کۆمۆنیستی بڵاوبکاتەوە، بەریتانیاش کەوتە سەر ئەوەی گۆڕان لەسیاسەتی خۆی دا بکات و کەمالیەکان بەلای خۆیدا کەمەند کێش بکات.

٣- هۆکارێکی تر بریتی بوو لەوەی کە ئیتالیاو فەرەنسا کە پێشتر هەردووکیان لەسیڤەردا بەشدار بوون بەڵام دواتر دووڕێکەوتن لەگەڵ کەمالیەکاندا دەبەستن واز لە کۆمەڵێک مافی خۆیان دەهێنن لەناوچەکەدا ،بەهەمان شێوەی بەریتانیائەم ڕێکەوتنە وای لە بەریتانیارکرد سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانێت دۆستەکانی خۆی لەدەست نەچێت.

٤- هۆکاری یۆنانیش هەیە ئەویش ئەوەبوو کەسەرۆک وەزیرانی نوێ لەیۆناندا کە هەوڵیدا پەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەڵدایەوە و پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتی دەکرد.

٥- هۆکاری ئەرمەنی، چونکە ئەوەی لەپەیمانەکەدا هاتبوو سەبارەتی بەبەڵێن دان بەدروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی ئەرمەنیەکانی ترساند وە ئەمەیان بە دژی بەڵێنەکانی خۆیان دەزانی کەپێیان درابوو، هەربۆیە دژایەتیەکی یەکجار زۆریان بۆ سیڤەر هەبوو. ئەمەو جگەلەوەی بەریتانیاو فەرەنسیەکان کێشەی ئەوەیان هەبوو کەدانانی مەلیک فەیسەڵ بۆ مەلیکی عیراق کە ئەمەش هۆکارێکی ناڕاستەخۆبوو لە دوورکەوتنەوەیان لەیەکتری و سەرنەگرتنی ئەم پەیمانناماە.



کۆنگرەی لۆزان و مەترسیە گەورەکە

بۆیە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ کۆنگرەی لۆزان کرایەوە، کە وەفدی وڵاتانی بەمشێوەیە بوو:

گروپی گفتوگۆکاری وڵاتانی ئەوروپا. وەک لایەنی یەکەم:

بەریتانیای مەزن، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یابان، یۆنان، سلۆڤینیا، سربۆکراتیا، رۆمانیا. وڵاتانی نێو یەکێتی سۆڤییەت کە پەیوەستی هەندێ مەسەلەی تایبەت بە سنوور و کێشە مێژووییەکان دەیگرتنەوە، وەک ئۆکرانیا و جۆرجیا و رۆمانیا و بولگاریا.. ئەندامی ناکارای دانوستانی کۆنگرەی لۆزان بوون.

گروپی گفتوگۆکاری تورکیا. وەک لایەنی دووەم:

عیسمەت ئینۆنۆ(جەنەراڵی جەنگی سەربەخۆیی و وەزیری بەرگری)
حسین رووف ئوربای(سەرۆک وەزیران)

یوسف کەمال(وەزیری دەرەوە).

ئەوەی شایانی باسە، مستەفا کەمال ئەتاتورک، (عیسمەت ئینۆنۆ)ی کرد بە سەرۆکی شاندی تورکی بۆ لۆزان، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی تورکیا، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی زۆر گرینگ،

**یەکەمیان**: سەرۆک وەزیران حوسێن ئۆربای، لە هێڵی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت نزیک بوو،

**دووەمیان**: یوسف کەمال وەزیری دەرەوە، لە هێڵی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای فەخیمە نزیکتر بوو، بۆیە دانانی یەکێ لە جەنراڵەکانی سوپا بۆ گفتوگۆی چارەنووسساز، لەهەمانکاتیشدا یەکەمین تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی بوو بۆ حکومەتێک کە هێشتا ئاسۆیەکی ڕوونی نەبوو لە چ سنوورێکی دیاریکراو و دانپێیانراو لە چوارچێوەی سنووری نوێی جیهان دەنەخشێنرێت، لە دوای جەنگێکی جیهانی گەورەدا.

لە ساتەکانی گفتوگۆی نێوان تورکیا و وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم، بەتایبەتی بەریتانیا لەرێگای وەزیری دەرەوەی (لۆرد کورزون) بە دەنگێکی زۆر بەرزی سەرکەوتن قسەی کرد، لە قسەکانیدا زۆر گرینگی بە پەیماننامەی سیڤەری(١٩٢٠) دەدا، بەڵام وەفدی تورکیا سیڤەریان خستبووە مێژوویەکی کۆنەوە، بۆیە تێڕوانینی هەردوولا زۆر دژی یەکتری بوون..هەرچەندە وەفدی تورکیا بەردەوام لەگەڵ ئەنقەرە لەسەر هێڵی گفتوگۆ بوون، **یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخەی ناو کۆنگرە تایبەت بوون بە سێ تەوەرەی زۆر گرینگ لەوانە:**

**یەکەمیان**: کێشەی زەوییەکانی دەوڵەتی تورکیای داهاتوو و سوپاکەی.

**دووەمیان**: ئابووری ودارایی.

**سێیەمیان**: بارودۆخی بێگانە و کەمەنەتەوەکان.

لەمانگی تشرین دووەمی ١٩٢٢ تاوەکو شوباتی ١٩٢٣ هیچ دەرئەنجامێکی گرینگ بەدەستنەهات بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان، بەتایبەتی لە کێشەی موسڵ وتەنگەکان وسنووری تراکیا لە رۆژئاوای وڵاتی تورکیا، لەدوای گەڕانەوەی وەفدی تورکیا لە لۆزان، لە پارلەمانی ئەو وڵاتە کەوتنە بەر هێرشی پارلەمانتاران کە وازیان لە زۆر مافی تورکیا هێناوە، وەک:

دەستبەرداربوونی سەرەتایی لە کێشەی ویلایەتی موسڵ، کە ئەمەیان بە دەرچوون لە میساقی نیشتیمانی تورکیا دادەنا کە پارلەمان پەسەندی کردبوو.

لە شوباتی ١٩٢٣ لایەنی تورکیا ڕاپۆرتێکی ١٠٠ لاپەرەیی ڕادەستی وڵاتانی میحوەر کرد(بەتایبەتی بەریتانیا وفەرەنسا و

ئیتاڵیا و یابان) بۆ گفتوگۆ کردن لە گەڕی دووەمی کۆبوونەوەکانی لۆزان، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٣ کۆبوونەوەکان لە لۆزان دەستی پێکردەوە، ئەمەش دوای هەڵسەنگاندنی داواکانی تورکیا لەو ڕاپۆرتە ١٠٠ لاپەڕەیەدا، کە بەتایبەتی شارەزایانی نێودەوڵەتی ئەوکاتە هەڵسەنگاندنی سیاسیانەی زانستیان بۆ هەموو وردەکارییەکانی نێو ڕاپۆرتە کردبوو، بۆیە لە بەردەوامی گفتوگۆی سێ مانگدا لە ١٧ی تەمموزی ١٩٢٣ گەیشتنە ڕێکەوتن، بەڵام عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆکی وەفدی دانوستکاری تورکی تاوەکو ڕەزامەندی ئەتاتورکی وەرگرت ڕێکەوتنەکەی مۆر نەکرد، بۆیە لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ پەیماننامەی لۆزان مۆرکرا، لەنێوان وڵاتانی(بەریتانیا، فرانسا، ئیتاڵیا، یابان، یۆنان، سربۆکراتیا، ڕۆمانیا و سلۆڤینیا) لەلایەک و حکومەتی ئەنقەرە(تورکیا) یەک لایەنی، کە لە(١٤٣) مادە و دوو پاشکۆ پێکهاتبوو کە دابەشی سەر پێنج بەشی سەرەکی بوو، کە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

**بەشی یەکەم:** ڕێسا ڕامیارییەکان، لە سێ بەندی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی دووەم:** یاسا داراییەکان، لە دوو بەندی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی سێیەم:** یاسا ئابوورییەکان، لە شەش بەندی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی چوارەم:** پەیوەندییەکان و کێشە دروستەکان، لە دوو بەندی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی پێنجەم:** دەسەڵات پێدانی جۆراوجۆر، لە سێ بەندی سەرەکی پێکهاتووە.



## دەوڵەتی نوێی تورکیا

دەوڵەتی نوێی تورکیا لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا بەرەسمی ناسێنرا، وەک کۆمارێکی دیموکراتی علمانی نەتەوەیی لەسەر

نەخشەی نوێی جیهان، کە ئەم دەستکەوتانەی بۆ دەوڵەتی تورکیا هەبوو:

١- ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات(باکووری کوردستان) و بەشێک لە تراکیا خرانە سەرسنووری دەوڵەتی تازەی تورکیا.

٢- بەنزیکەیی ١٨٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە کە ویلایەتی ئەسکەندرۆنە(ئەمرۆ:پارێزگای هاتای)یە. لەلایەن فەرەنسا بەخشرایە دەوڵەتی تورکیا.

٣- دڵنیاکردنەوەی تورکیا لە دروستنەکردنی دەوڵەتی ئەرمێنیا و کوردستان لەسەر خاکی تازەی کۆماری تورکیا، لەلایەن وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگ.

٤- سەرپەرشتیکردنی دەوڵەتی تورکیا لەسەر کاروبارەکانی هەموو تەنگەکان و دەسەڵاتی وەرگرتنی رسوماتە گومرگیەکانی هەبێت بەدەر لە بەخشینی بێگانەکان..کە دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا نەبوو، تاوەکو ساڵی ١٩٢٩ کە تەعریفەی گومرگی گۆڕی.

٥- هەروەها تورکیا هیچ قەرەبوویەکی جەنگی نەژمارد.

بەڵام چارەنووسی گەلی کورد، بە پێی ئەم پەیماننامەیە، لە بۆتەی دەوڵەتی تازەی تورکیادا تواوەتەوە.



پەیمانی لۆزان

لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا لەشاری (لۆزان)ی سویسرا پەیمانێکی تر لەنێوان دەوڵەتانی (بەریتانیاوفەرەنساو ژاپۆن و یۆنان

ورۆمانیا و سربیاو کرواتیاسلوانیاو تورکیا)بۆناسینی دەوڵەتی نوێ ی تورکیاو پیاچوونەوە بەپەیمانی سیڤەرداکرا،لەم کۆنگرەیەدا (عیێمەت ئینونو)ی سەرۆک وەزیرانی تروركیا وەک نوێنەری تورکیا و (لۆرد کرزن)سیاسەتمەداری ئینگلیز وەک نوێنەری بەریتانیا لەسەر مەسەلەی ناوچەی موسڵ کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژخایەن ،دوای چەندین دانیشتن گەیشتنەچەند خاڵێک لەوانەی:

**مادەی(٣٧)** کەدەڵێت: حکومەتی تورکیا مافی هەیە بریار دەربکات کە دەگونجێت لەگەڵ بڕیارەکانیدا.
**مادەی(٣٨)**: حکومەتی تورکیا بە ڵێن بە دانیشتوانی تورکیا دەدات کە بەرگری لەماف و سامان و سەربەستیان بکات بەبێ جیاوازی (ڕەگەز و زمان و ئایین).
**مادەی(٣٩)**: حکومەتی تورکیا هیچ کۆسپێک ناخاتە بەردەم کەس کەلەژێر چاودێری تورکیادان، هەروەها ئازادن بەزمانی خۆیان بازرگانی و ڕۆژنامەگەری و خواپەرستی وچاپەمەنی و هەموو چالاکی سیاسی خۆیان بکەن.

## جێ بەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەرکورد

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پاش سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لە دژی کورد سیاسەتێکی هاوبەشیان لە دژی کورد گرتەبەر و دەستیمانکرد بە جینۆسایدی ئابوری و فەرهەنگیی و رەگەزی و تاڵانکردنی کانزاو بەروبوومی کوردستان و دەرکردنی کورد لە سەر زێدی باو باپیرانیان، بە نیازی ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە نیو زمان و نەتەوەی خۆیاندا بتوێننەوەو ناوی کوردستانیش لە سەر نەخشەی جوگرافی جیهان بسڕنەوە.

پەیڕەوکردنی ئەو پلانەی کە لە پەیمانی لۆزاندا هاتبوو لە ئاکامدا بە درێژی کات کاریگەری سامناکی بۆ سەر کورد بەدواوە بوو، دەوڵەتە داگیر کەرەکان لە پاش لۆزان دەستیان کرد بە توندکردن و بەستنی سنورەکانیان و بەدەیان و سەدان هەزار خزم و بنەماڵە لە یەکدی دابڕان. لە سایەی پەیمانی لۆزاندا، لە سوریاو تورکیا حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک کراو لە عێراقیش سیایەتی تەعریب و بنەبڕکردن و ئەنفال و جینۆساید کردنی گەلی کورد هەمیشە لە ئارادا بوو، لە ئێرانیش هەر لە دەسەڵاتی رەزا شاوەو دامەزراندنی دەوڵەتی فارسەوە هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناوی کوردستانیان لە سەریان لابراو تەنها چەند شارو شارۆچکەیەکیان ناونا کوردستان. هەرلە سایەی پەیمانی لۆزانەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان لە رووی ئابووری و گەشەی پیشەسازییەوە بەردەوام پێشیان لە رەوتی گەشەسەندنی ئاسایی وسروشتی گرتووەو، داهاتی نەوت و کانزاو سامانی کوردستان لەماوەی ئەو هەشتا نەوت ساڵەدا کەلە هەزاران ملیۆن دۆلار تێپەڕدەکات لە پێناوی پێشخستنی ئابووری و پیشەسازی خۆیاندا دەستەبەر کرد. بەدەیان و سەدان کوردیش بەهۆی بێکاری

و نەبوونی بژێویی وەک هێزی کار، رویان کردە ناوچەکانی ئەوان و بەنرخێکی کەم کاریان پێکراوە.

تورکیای کەمالیست بەوپەڕی دڕندەیی کەوتە وێزەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە باکوور؛ ئەو شۆڕشانەی وەک کاردانەوە بۆ ئەو سیاسەتە شۆڤێنیستانەیەی کەمالییەکان بەرپابوون وەک: شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، شۆڕشی ئارارات (١٩٢٧ بۆ ١٩٣١)، شۆڕشی دەرسیم (١٩٣٧)، بە ئاگاداری و چاوپۆشینی دەوڵەتە باڵادەستەکانی ئەو کاتەی جیهان و کۆمەڵی نەتەوەکان، خەڵتانی خوێنکران و بۆ ماوەی زێتر لە هەشتا ساڵ دەنگی کوردیان لە باکووردا پێ کپکردو تەنانەت مافی کورد بوونیشیان نەسەلماندو گەلی کوردیان وەک تورکی شاخاوی پێناسەدەکرد. بەشەکانی سوریاو ئێرانیش لە کاریگەرێتیی رێکەوتننامەی لۆزان دوور نەبوون و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکە لەو دووپارچەیەشدا پاشەکشەی کرد و دەورەیەکی متبوونی بەخۆیەوەدی، تا لە دوای کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی ئیمپریالیستیی جیهان لە رۆژهەلاتی کوردستاندا سەریهەڵدایەوەو بزووتنەوەکە چالاکبووەوەو کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد (١٩٤٦ - ١٩٤٧) دامەزرا ؛ ئەو کۆمارەی بە هاوکاریی و پشتیوانیی ئینگلیزو ئەمریکاو تورکیاو عێراق بۆ رژێمی شاهەنشاهی و، خەمساردی و پشتبەردانی لەلایەن سۆڤیەتەوە، رووخاو سەرکردەکانی لەسێدارەدران و، بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەو بەشەدا بۆ دەورەیەکی مێژوویتر تا شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا خامۆشبوو.



**لۆزان و پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا**

لۆزان و پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا پێش رێکەوتننامەکەی (لۆزان) لەساڵی ١٩٢٣دا، باشووری کوردستان

بەدەورەیەکی دەستەویەخەبوونی داگیرکەرە کۆن و نوێیەکاندا تێپەڕیبوو، چەند رووداوی سیاسیی گرنگیش گەلی کوردی لەم بەشەدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی سازدابوو، بەڵێنەکانی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا بە دانپادانانی مافی چارەنووس بۆ گەلان لەلایەک و، سیاسەتی لێنین و حکومەتی بۆلشەویکیش سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتی لەسەر بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس بە مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆوە، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی گەشبینکردبوو، بەتایبەتی ئەو هەڵوێستە سیاسییەی رێگەیدا بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی، ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دا، شێخ مەحموودی حەفید لەلایەن حاکمی گشتیی بەریتانیاوە کرایە (حوکمدار)ی کوردستان، جاری دووەمیش لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دا ئینگلیزەکان شێخ مەحموودیان لە هیندستان هێنایەوەو کردیان بە مەلیک و حکومەتێکیشیان بۆ دامەزراند.

دواتر بەهۆی ساتوسەودای هاوپەیمانان و سیاسەتی دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان خۆیاندا و بە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان ساڵی ١٩٢٥ باشووری کوردستانیان بە عێراقەوە لکاند. بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە باشووری کوردستان و شێخ مەحموودی رابەری ئەو بزووتنەوەیە بەر لەدامەزراندنی حکومەتی عەرەبیی عێراق و دوای دامەزراندنی ئەو حکومەتەش، بۆ بەدیهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەململانێدا بوون. ئینگلیز مامەڵەیەکی دووفاقانەی ئەم ململانێیەی کرد، لەلایەک بەڵێنی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بە کورد دەداو، بۆ چەواشەکاریش حکومەتێکی کوردیی لەسلێمانی دامەزراند، لەلایەکیترەوە بۆ براندنەوەی کێشەی ویلایەتی موسل، بە هاوکاری کۆمەڵی نەتەوەکان، خەریکی سەوداو سەوداکاریی بوو لەگەڵ حکومەتی نوێی تورکیادا.

بۆ نموونەی هەڵوێستی یەکەم دەوڵەتی عێراق، لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی (ئینتیداب) واتە بەریتانیا دەرکرد تیایدا دانیان بە مافی کورد لە باشووری کوردستاندا نابوو لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمییەکی فراوان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام بە رێکەوتننامەی لۆزان سیاسەتی راستەقینەی ئینگلیز دەرکەوت و پرسەکەیان کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا؛ ئەوەبوو کێشەی موێلیان بڕانەوەو لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤دا سنووری نێوان تورکیاو عێراق بە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان دیاریکرا، بەپێی هێڵێکی وەهمی کە بە (هێڵی برۆکسل) بەناوبانگە، بۆ شەرعییەتدانیش بە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە بڕیاری راپرسییەکیان دا. راپرسییەکە ئەنجامدرا، بەڵام راپرسییەکی سنوورداربوو، تەنها بۆ سەرۆک هۆزو خێڵەکان بوو نەک بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان، ئەوانیشیان خستەبەر هەڵبژاردنی یەکێک لە حکومەتەکانی تورکیا یان عێراق نەک راپرسی سەبارەت بە هەڵبژاردن لەنێوانی لکاندن و سەربەخۆییدا. سەرەڕای ئەوەش کە لە زۆر شوێنی باشووری کوردستاندا ئەو راپرسییە نەکرا، لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریدا داوای سەربەخۆیی کراو لکاندنی کوردستانیان بە تۆرکیاو

عێراقەوە رەتکردەوە. ئینگلیزو کۆمەڵی نەتەوەکان ئەنجامی راپرسییەکەیان لە ناوچەکانیدیکەی کوردستان، کە دەکەوتنە سنووری ویلایەتی موسل، وەرگرت و بۆ ئێجگارەکی ئەم بەشەی کوردستانیان بەخشی بە حکومەتی عەرەبیی خانەوادەی شەریف حوسەین کە لە حیجازەوە هاتبوون.

باشووری کوردستان لەسایەی فەرمانڕەوایی پادشایەتی و بەعسدا: ئەگەرچی بەڕەسمی مافی کورد بۆ حوکمکردنی خۆی سەلمێنرابوو، تەنانەت ئەوە کرابووە مەرجی ژیانی کورد لەم بەشە لکێندراوەدا، بەڵام حکومەتی پادشایی هەتا رووخانی لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دا ئەم مەرجەی جێبەجێ نەکردو سەردەمێکیدیکەی ململانێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا دەستپێکرد . رابەری ئەم ململانێیە لەسەرەتادا شێخ مەحموودو لەدوای راپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠یەوە لە سلێمانی، کە بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناسراوە، کەوتە دەستی عەشیرەتی بارزان بە پشتگیریی رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد.
حکومەتی پاشایەتی لەهیچ جۆرە کردارێکی سەرکوت و داپڵۆساندن و توندوتیژیی بەرامبەر داواکارییە نەتەوایەتی و مرۆییانەکانی خەڵکی باشووری کوردستان سڵینەکردەوە، داواکاریی شێخ مەحموود بۆ نیشتمانێکی نەتەوەیی لە زاخۆوە بۆ خانەقین، داواکاریی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا بۆ یەکخستنی پارێزگاکانی کوردستان وەک یەکەیەکی ئیداری، رازینەبوونی کورد بە رێکەوتننامەی دەوڵەتی ئینتیداب و عێراق لە ساڵی ١٩٣٠دا، هەر هەمووی بەلاوەنراو سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعێراقیکردنی کورد پەیڕەوکرا؛ ئەگەرچی لە تەمەنی ئەو فەرمانڕەوایەتییەدا چەندین پەیمان و بڕیاری سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلان دەرچوون وەک:

(کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ ١٩٢٥، پەیمانی ئەتڵەنتی ١٩٤١، پەیمانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥، جاڕنامەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ ١٩٤٨، پرۆژەی پاراستنی مافی مرۆڤ ١٩٥١). نەک هەر ئەم پێشێلکردنە بەرچاوەش، بەڵکو بە پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیز پەیمانی (سەعد ئاباد)ی مۆرکرد بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ساڵی ١٩٣٧ی بارزان، دواتریش هەر لەگەڵ ئێران و تورکیا، بە پشتگیریی دەوڵەتە ئیمپریالیستییە باڵادەستەکان، بۆدژایەتیکردنی کوردو پرسە رەواکەی، پەیمانی (بەغداد)ی لەساڵی ١٩٥٥دا پێکهێنا. لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دا سیستمی پادشایی رووخێنراو سیستمی کۆماری لەشوێنی دامەزرا.

سەرەتا هەڵوێستێکی ئەرێیانە لە گەلی کورد وەرگیرا. لەدەستووری کۆماریدا کوردو عەرەب وەک شەریک لە عێراقدا ناوبران، رێگەدرا بە بارزانی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، مۆڵەتی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا کە کاری سیاسی بەئاشکرا بکات و بارەگای لە بەغداو شارەکانی کوردستاندا هەبێت.

بەڵام ئەم سیاسەتە گۆڕانی بەسەرداهات و بە شۆڕشی ئەیلول و هێرشی سەربازیی حکومەتی کۆماریی عێراق بۆ سەر کوردستان کۆتایی هات؛ دواتریش کە شۆڤێنیستە عەرەبەکان (ناسرییەکان و بەعسییەکان) لەساڵی ١٩٦٣وە حوکمیان گرتەدەست، پرسی کورد بەڕاستی کەوتە بەر هەڕەشەی تیاچوون. حکومەتی یەکەمی بەعسییەکان و ناسرییەکان لە ١٩٦٣ داو، حکومەتی قەومییە رەگەزپەرستەکانی دوای ئەو تا ١٩٦٨ و پاشان حکومەتی دووەمی بەعس کە بە کودەتاکەی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بۆ دەسەڵات گەڕانەوە، پرسی کوردیان دووچاری سیاسەتی دیماگوگی دانپیادانانی لامەرکەزی و حوکمی ئۆتۆنۆمی و ئینجا تواندنەوەو راگواستن و جینۆساید کردو، لەشەڕی نەگریسی ئێران - عێراقدا بە لوتکەیان گەیاند. گەلی کورد لەسایەی حوکمی بەعسدا (تەموزی ١٩٦٨ - نیسان ٢٠٠٣) رەشترین رۆژەکانی مێژووی خۆی گوزەراند، بێ پشتوپەناو بەبێ ئەوەی هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتی هەڵبداتێ، درندانەترین تاوانی بەرامبەر ئەنجامدرا، هەر لە راگواستن و کیمیابارانەوە تا ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفال و زیندەبەچاڵکردنی سەدان هەزار کورد لە بیابانی خۆرئاوای عێراقدا.



راپەرینی کوردان دوای لۆزان

لەدوای پەیمانی لۆزانەوە راپەرینی کوردان لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٣٨ لە باشورو باکورو کوردستانی رۆژهەڵات، بۆ وەدەست هێنانەوەی مافی زەوتکراوی خۆیان لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بە دڕندانەترین شێوە بەرپەرچ درانەوە.

دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستەکانیش بە مەبەستی هاوکاری کردن لە ئەو دەوڵەتانە راستە خۆو ناراستەو خۆ پشتگیری سەربازیی و لۆجستیکییان پێشکەش دەکردن. پشتیوانی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی ستالین لە تورکیاو، دژاتیی کردنی

شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و ڕۆخانی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحمودی نەمر) بە هاوبەشیکردنی سوپای عەرەب و ئینگلیز، هەروەها رووخانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محمەد، لە لایەن سوپای ئێران و پشتیوانی کردنی ئەمریکا و ئینگلیز لە رژێمی حەمە رەزا شا، چەند نمونەیەکی ئەو گەلەکۆمە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەن کە دەرهەق بە گەلی کورد، لە دوای بەستنی پەیمانی لۆزان ئەنجام دران.

لەسایەی پەیمانی لۆزاندا بوو کوژرانی زیاتر لە ملیۆنێک کورد لە راپەڕینەکانی شێخ سەعید و ئیحسان نووری پاشاو سەید رەزای دێرسیم و راگواستنی ملیۆن و نیوێک کورد لە باکور بۆ ناوچە تورک نشینەکان و لە ناوچونی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سور لە لایەن سۆڤێتەوە و بڵاوەپێکردنی دانیشتوانەکەی بەناو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤێتدا دا و هێرشی سەربازیی بۆ سەر باشوری کوردستان و رووخانی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود و وێرانکردنی پێنج هەزار گوند لە باشورو کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و ئەنفال کردنی گەلی کورد لەلایەن رژێمی سەدامەوە و روخانی کۆماری مهاباد و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و سەدان رۆڵەی گەلی کورد لە کوردستانی باشورو دەرکردنی فتوای جیهاد لە دژی کوردو هەموو ئەو کوشت و بڕو ماڵوێرانییەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە سەر کورد هاتن هەمووی لە سایەی پەیمانی نەگریسی لۆزانەوە بوو، هەر بۆیە پەیمانی لۆزان بە سەرەتاو سەرچاوەی هەموو بێبەختی و نەهامەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتنێکی کورد لە کاروانی سەرفرازیو پێشکەتن دادەنرێت.

## ئێستا کورد چی بکات

رێکەوتننامەی (لۆزان) سەرەتای قۆناغێکی نوێی چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی بوو، سەرچاوەی شەرعییەتدان بوو بەو هەموو کوێرەوەری و نەهامەتیانەی تا ئەمڕۆش پرسە نەتەوایەتییەکە و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن. بۆیە ئەم رێکەوتننامەیە لەمێژووی نوێی نەتەوەکەماندا وەک خاڵێک و پەڵەیەکی رەش و کاریگەرێتییەکی نەرێیانە سەیریدەکرێت

لە سەردەمی ئێستادا کورد و رێکخراوە سیاسیەکان دەبێ خوێندنەوەیەکی لۆژیکییان بۆ پرسی کورد هەبێ و بتوانن بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی و بە گوتارێکی هاوبەش پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بکەنە پرسێکی جیهانی و سەرەنج و پشتیوانیی زلهێزەکان بۆلای ئەم پرسە رابکێشن و بە یەکخستنی نێوماڵی کوردی دەرەتان بە دەسەڵاتداران و نەیارانی کورد نەدەن کە کەلێن بخەنە نێو ریزەکانی نەتەوەی کوردەوە.



## سەرچاوەکان


١- عزیز شەمزینی: جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی؛ فەرید ئەسەسەرد

٢- حسین مدنی: کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم،٢٠٠٠ هەولێر.

٣- فاتح ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان،چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٥ز.

٤- کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لەمێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٥- عبدالرحمن قاسملۆ: کوردستان و کورد، چاپی یەکەم،بغداد، ١٩٧٣ز.

٦- ارشاک سافرستیان: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی؛ عەبدوڵا شاڵی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٦٠ز.

٧- محەممەد گەلاڵەیی: پەیماننامەی لۆزان..بکوژی سایکس - پیکۆ و سیڤەر ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣

٨- ژیلوان هەڵەدنی: کوردوپەیمانە نێودەوڵەتیەکانی (سایکس بیکۆ سازانۆف - سیڤەر - لۆزان)

٩- لۆزان: سایتی؛ Kurdipedia

١٠- رەحمان ئەمیری: رێککەوتنامەی لۆزان، هەنگاوێک بۆ شکاندنی ئیرادەی کورد، سایتی کوردستان میدیا

١١- فوئاد قەرەداغی: پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە رێکەوتننامەی (لۆزان) ەوە بۆ ئەمڕۆ، ماڵپەڕی فەرمی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١٢- حەمید عەزیز: پەیمانی سیڤەر و لۆزان، سایتی ئەمرۆ


سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia - رێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠١٧

# پەیماننامەی لۆزان و پێگەی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا




**شاناز هیرانی**

قەیرانە سیاسییە بێ کۆتاکان، ململانێی تایفی و مەزهەبی، جەنگە بە بریکارەکان، کۆچی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس. جیابوونەوە و سەرهەڵدانی ناوچە یاخی و هەڵگەڕاوەکان بەدرێژایی چەند رووبەرێکی جوگرافیایی فراوان بە قەبارەی وڵاتێکی وەکو بەریتانیا. کردەوەی تیرۆریستی و کوشتنی هەزاران کەس لە رۆژێکدا. خۆپیشاندان، سووتاندنی تایە و بەرزبوونەوەی دوکەڵەکەی بۆ تاقی ئاسمان لە وڵاتانی عیراق و لوبنان و... هتد.

ئەمانە هەمووی بوونەتە واقیعی ناوچەکە پاش ١٠٠ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی جەنگی یەکەمی جیهان، کە دواتر ژمارەیەک رێکەوتن و پەیماننامەی لێ هاتنە ئاراوە و دواجار پەیماننامەی دووەمی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی لێ هاتە بەرهەم، کە هاوشانی رێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ بوو لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیای گەورە. ئەو رێکەوتنەی بووە هۆی دارِشتنەوەی نەخشەی سنووره سیاسییەکان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی ئەوکات واتە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی ئاشناین.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەسەر پەیماننامەی دووەمی لۆزان، کە بووە هۆی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمڕۆ پێکهاتەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دروستکراو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی هاوشێوەی ناوچەکە پێیدا رۆیشتوە لە پێش لۆزاندا. چونکە ناوچەکە دیسان سەرلەنوێ هاتنەوە و گەڕانەوەی دەوڵەتی تورکیا بەخۆیەوە دەبینێت بۆ گرنگترین ئەو وڵات و ناوچانەی کە پاش ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە دەستی لێ هەڵگرتبوو.

ئەویش بەڕێگەی هێزی سەربازیی و پرۆسەی سەربازیی یەک لەدوای یەک. یان بە ڕێگەی ڕێکەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە. وەک ئەوەی لە لیبیا بینیمان بەم دواییانە لەمیانەی ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لە تەرابلوس بەسەرۆکایەتی فایز سەراج. پێش ئەوەش لە سوریا لەرێگەی پرۆسەی (قەڵغانی فورات) لە ٢٠١٧, (چڵە زەیتون) لە ٢٠١٨ و (کانوی ئاشتی) لە ٢٠١٩.

ئەو ململانە و جەنگە ناوخۆیی و ئیقلیمی و ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، هەموویان ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە لەسەر ناوچەکە، کە چەندین دەستتێوەردانی بەخۆیەوە بینیووە و ناوچەکەشی بە گشتی لاوازتر کردووە و بەردەوام لەکێشە و پشێویدایە.

تا ئێستاش لە بۆشاییەکی فراوانی نەبوونی هێزێکی جێگیر و شوناسی سیاسیی تۆکمە دەسوڕێتەوە، کە بوونەتە هۆی سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین لەم لەشکرکێشی و دەستتێوەردانەی تورکیا لەناوچەکە تێبگەین. کە دوای نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا دووبارە سەری هەڵداتەوە.

### لە سێڤرەوە بۆ لۆزان - دروستکردنی وڵاتانی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پاش ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی سێڤر لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە، کە وڵاتانی سەرکەوتوو بەستیان لەجەنگی یەکەمی جیهان و بەسەر تورکیادا سەپێنرا، هەروەها پاش ئەوەی زۆربەی نەتەوە غەیرە تورکەکان (لەوانەش کوردەکان) نیچمە سەربەخۆییەکیان پێدرا، ئەتاتورک جەنگێکی خوێناوی بەرپا کرد لەگەڵ یۆنان و هاوپەیمانان. دواجار بە واژۆکردنی لەسەر ڕێکەوتنێکی نوێ کۆتایی پێهێنرا. کە لە ئوتێل (بۆریڤاج پالاس) لەشاری لۆزان - باشوری سویسرا لەرۆژی ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ بەڕێوەچوو لەنێوان هەریەکە لە تورکیا و بەریتانیا و فەرەنسا. ئەو ڕێکەوتنەش ناونرا بە (پەیماننامەی دووەمی لۆزان) بە مەبەستی جیاکردنەوەی لە پەیماننامەی یەکەمی لۆزان (ڕێکەوتنی ئۆشی) کە لە نێوان ئیتالیا و عوسمانیەکان بەڕێوەچوو لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٢.

پەیماننامەی دووەمی لۆزان کۆتایی بە پەیماننامەی یەکەمی لۆزان هێنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و لەدایکبوونی کۆماری تورکیای هاوچەرخ لەساڵی ١٩٢٣، پێش ڕاگەیاندنی پووچەڵکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی لە ١٩٢٤.

پەیماننامەی لۆزان لە ١٤٣ ماددە پێکدێت. کە دۆخی نێودەوڵەتی تورکیا سەرلەنوێ ریکدەخاتەوە، هەروەها رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان (سەرکەوتوو لەجەنگ) و نەخشە کێشانەوەی جوگرافیایی سیاسی بۆ تورکیای نوێ و دیاریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ یۆنان و بولگاریا.

دەوڵەتی تورکیاش بەتەواوی دەستی لەسەرجەم مافە سیاسی و داراییەکان و هەر مافێکی سەروەریبوونی بەسەر هەریەک لە شام و عیراق و میسرو سودان و لیبیا و قوبرس هەڵگرت. جگە لە رێکخستنەوەی پرسی بەکارهێنانی گەرووە دەریاییەکانی تورکیا لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا.

بەمەش پەیماننامەی لۆزان هەمان ئەو رۆڵە مێژووییەی گێرا کە پەیماننامەی (وستفالیا) لەساڵی ١٦٤٨ گێرای، کە یەکێک بوو لە دیارترین دەرئەنجامە یاسایی و سیاسییەکانی بریتی بوو لە دامەزراندنی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەما و رێسای چەمکی (نەتەوە - دەوڵەت). بەو پێیەی لۆزان دووبارە نەخشەی سنوورەکان و جوگرافیای سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەتەواوی کێشایەوە بۆ ماوەی چەندین دەیەی یەک لەدوای یەک، پاش ئەو پەیماننامەیە. لەو چوارچێوەیەشدا تورکیا تاکە وڵات بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە قازانجی کرد لەو پەیماننامەیە، پاش ئەوەی توانیی خۆی لە چارەنووسێکی خراپ و دابەشبوون دەرباز بکات، کە وڵاتانی زلهێز لەرێگەی پەیماننامەی سێڤرەوە دەیانویست جێبەجێی بکەن. بەو پێیەی تورکیا تاکە وڵات بوو توانیبووی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت لە نێوان وڵاتانی تری ناوچەکە، کە بەسەربەخۆ ناویان هاتبوو، کەچی لەبنەڕەتدا داگیرکراو بوون. بەمەش پەیماننامەی لۆزان چارەنووسی دانیشتوانی ناوچەکەی لەسەر بنچینەی دوو بنەمای سەرەکی دیاریکرد:

**یەکەم**: نەخشاندنەوەی سنووری سیاسی نیشتمانی بۆ وڵاتان.

**دووەم**: بنەمای رەگەزی، کە پەیوەست بوو بە (شوناس)ی وڵاتانی نوێ، بەو پێیەی پەیماننامەکە دامەزراندن، یان لە دەرئەنجامی پەیماننامەکە دروست بوون. یان سنوورەکانیان نەخشێنرایەوە و وەک بەدیلێک بۆ رەگەزی عوسمانی کۆن دانران. لەم نێوەندەدا لوبنان و سوریا کەوتنە ژێر ئینتدابی فەرەنسا. فەلەستین و خۆرهەڵاتی ئوردن لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا.

## بۆشایی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەی دووەمی لۆزان، تورکیای نوێ ستراتیژێکی گەڵاڵەکرد، کە پشتی بە بیرۆکەی پاراستنی

ئاسایشی سنووریی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبەست. کە لەرووبەرێکی جوگرافیایی بەرتەسکدا خۆی دەبینینەوە. هەوڵیشدا ببێتە بەشێک لەو تەوەرە هەڵکشاوەی خۆرئاوایی کە ئەوکاتە پەرەی سەندبوو، نەک وەک بەدیلێک یان بەرهەڵستکارێک. لەم چوارچێوەیەشدا کۆماری تورکیا خواستی چوونە ژێر چەتری ئاسایشی جیۆسیاسی نوێی هەبوو، کە ئاراستەکەی بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤێت (هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەنتیک- ناتۆ). پاشان وردە وردە دوورکەوتەوە لە بوارە تەقلیدیەکەی و کاریگەرییە مێژوویەکەی خۆی لەدەستدا لەجیهانی ئیسلامیدا. دواتر لە ڕووی داراییشەوە لاواز بوو و تووشی هەڵاوسانی ئابووریی بوو لەکۆتایی حەفتاکاندا.

ئەو دابڕینەش بووە هۆی خوڵقاندنی قەیرانێک سەبارەت بە پرسی ناساندنی شوناسی سیاسی بۆ ملیۆنان کەس لە دانیشتوانی ئەو پنتە جوگرافیا فراوانە لەجیهان، بەدحاڵیبوون و جۆرێک لە نامۆبوون دروست بوو بەهۆی گەڵاڵەکردنی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەوەش بووە هۆی فرەبوونی شوناسی سیاسی و کەلتووریی لە وڵاتەکە.

لەلایەکی تریشەوە هەر ئەو دەرهاویشتە جوگرافیایە بەتەنیا نەبووە مایەی پەکخستنی پرۆژە جیۆسیاسیەکەی بۆ زلهێزەکان هەبوو سەبارەت بەو ناوچەیە، بەڵکو باوەڕیان بە بوونی جۆرێک لە یەکگرتنی سروشتی ـ یش هەبوو، کە ترسێکی دروست کردبوو لەهەمبەر سەرجەم ئەو نەتەوانە: چین و ئەندۆنیسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەند تا دەگەیشتە خۆرئاوای ئەفریقا کە سەرجەمیان ئیسلام بوون.

پاش پاشەکشەکردنی هەریەک لە بەریتانیا و فەرنسا لە ناوچەکە، جۆرێک لە بۆشایی هێز لەناوچەکەدا دروستبوو، کە بووە هۆی پەیدابوونی ترسێک لەلایەن دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و ستراتیژی لە ئەمریکا بەهۆی یەکێتیی سۆڤێتی پێشووەوە، کە هەمیشە هەوڵی بالادەستی دەدا لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەمریکا لە حەفتاکاندا هەولیدا وڵاتانی عەرەبیش بخزێنێتە ناو چەندین هاوپەیمانیی سەربازییەوە، وەک ئەوەی لەساڵی ١٩٥٥ ڕوویدا کاتێک هەریەک لە عیراق و ئێران و تورکیا و پاکستان چوونە پاڵ بەریتانیا و ئەمەش لە مێژوودا بەهاوپەیمانی "سەنتۆ" ناودەبرێت.

سیاسەتوانی ئەمریکی (ساموێل هانتیگتۆن) لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان) پێشنیازی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستمی جیهان دەکات وەک تێڕوانینێک بۆ داهاتووی جیۆسیاسی ناوچەکە و پێیوایە کە فاکتەری کەلتووری و شارستانی ڕۆڵێکی هەرە گرنگ دەگێڕن لە پێکهێنانی قەوارە نێودەوڵەتییە نوێیەکاندا لەسەدەی ٢١ بەدواوە.

**لە تێزەکەی سامویلدا هاتووە:**

**(هەر شارستانییەتێک، یان کەلتوورێک، یـان ئـاینێکی مەزن، خـاوەنی دەوڵـەتێکی ناوەنـدیی سـەرەکییە. وەک: چین لەسـەر ئاستی شارستانییەت (کۆنفۆشیوسی) ئاسیایی پەلی هاویشت بۆ تـایوان و هـەردوو کۆریـا و ڤێتنـامیش. روسیا لەسـەر ئاسـتی شارستانێتی (ئارسۆدۆکسی) پەلی هاویشت بۆ ئۆکرانیا و بیلاروسیا و یۆنـان و بولگاریـا و سربیا و قـوبرس.. شارسـتانیەتی مەسـیحیەت (پرۆتسـتانتی - کـاتۆلیکی). بـەڵام جیهـانی ئیسـلامی دەوڵـەتی ناوەنـدی نییـە، بۆیـە هەمیشـە بەدەسـت ناسەقامگیریی سیاسی و زۆری ململانێکانەوە دەناڵێنێ.**

**بۆیە هانتگتۆن شەش دەوڵەتی ئیسلامی دەستنیشان دەکات کە رۆڵی دەوڵەتی (ناوەند)یان گێڕاوە لـەو نێوەنـدەدا. ئـەوانیش: ئەندۆنیسیا: بـەو پێیـەی گـەورەترین دەوڵـەتی ئیسلامییە لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە. دوای ئـەو میسـر: بـەهۆی ژمـارەی دانیشتوان و پێگەکەکەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بوونی دامەزراوەی ئەزهەر، کە بە دامەزراویـەکی گـەورە هـەژمار دەکرێت بۆ پەروەردەی ئیسلامی لەجیهانی ئیسلامیدا. هەروەها هەریەک لە ئێران و پاکستان و سعودیە و تورکیاش ناویان هاتووە.**

**بەڵام هانتگتۆن ئەندۆنیسیا بەهۆی پێگەی جوگرافیـایی و دووری لـەجیهانی ئیسـلامەوە دوور دەخاتـەوە. میسـریش بـەهۆکاری ناسەقامگیریی ئابووری. سعودیەش بەهۆی کەمیی دانیشتووان. ئێران بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی مەزهەبی. پاکستان بـەهۆی دابەشـبوونی ئیـتن و ناسـەقامگیری سیاسـی لەناوخۆیـدا. بـەڵام سـەبارەت بـە دوورخسـتنەوەی تورکیـا بـەهۆی تۆکمـەیی عەلمانییەتی ئەتاتورک، کە رەنگە رێگربووبێت لە گێڕانی رۆڵێکی بەهێز لەو کاتەدا، کە ساڵی ١٩٩٦ بـووە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا هانتینگتۆن هەڵوێستە بەرامبەر تورکیا دەکات و بەراوردی دەکات بە وڵاتانی تر. بۆیە پێی وایە کە تورکیا خـاوەن مێژوویەکی دووردرێژ و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانە و تـا ڕادەیـەک ئاسـتی ئابووریشـی سـەقامگیرە. کـە وای لێدەکات ببێتـە وڵاتی ناوەند.**

**پاشان دەپرسێت: چی دەبێت ئەگەر تورکیا لە خاڵێکدا دووبـارە پێناسـەی خـۆی بکاتـەوە و بـە جۆرێکی تـر خـۆی بناسـێنێ؟ لەم حاڵەتەدا تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی تر بگێڕێت لە ناوچەکە و چیتر پێویستی بە خۆرئاواش نەبێت پشتگیریی لێبکات.**

**عوسمانیەتی نوێ: تورکیا لە کەمالیزمەوە بۆ گەڕان بەدوای قووڵایی ستراتیژی**

**پاش دابڕینێکی زۆر لە ناوچەکە بەهۆی سیاسەتەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە. تورکیا وەک کارەکتەرێک هاتەوە ناو**

گۆڕەپانی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. بەتایبەتی لەسەردەمی تۆرگۆت ئۆزالدا لەماوەی (١٩٨٣ - ١٩٨٩).

دواتر بەشێوەیەکی بەرچاوتر و دوای هاتنی حزبی داد و گەشەپێدان و گەرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات، لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو گۆڕانکارییانە بەدی بکەین سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا لەسەردەمی ئەو حزبەدا، کە خۆی لە چوار فاکتەری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

دوو فاکتەریان بوونەتە داینەمۆی ئەو سیاسەتانەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١و دوو فاکتەری تریش لەدەیەی دووەمدا بەدیارکەوتن.

**فاکتەری یەکەم**: بریتی بوو لە روئیای (عوسمانیەتی نوێ) کە بەتەواوی زاڵبوو بەسەر هزرو بیری دروستکەرانی بڕیار لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەردەمی حزبی داد و گەشەپێدان. ئەو حزبە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی وەک (قوڵایی ستراتیژی) سەیر دەکات. وەک چۆن وەزیری دەرەوەی پێشووتری تورکیا (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) لە کتێبەکەیدا، کە هەمان ناونیشانشی هەیە دەریخستووە و بەڕوونی باسی لێوە دەکات.

**فاکتەری دووەم**: کە بەهەڕەشەیەکی بونیادی بۆ یەکەی جوگرافیایی سیاسەت دادەنرێت بۆ تورکیا، بە پێی رێسا و بنەماکانی کەمالیزم دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە. هەرچەندە ئەم فاکتەرە لەگەڵ خواستی داد و گەشەپێدان یەک ناگرنەوە سەبارەت بە فرەبوونی شوناس لە تورکیا، هەر ئەمەش بوو وایکرد سیاسەتوانانی ئێستای تورکیا پارسەنگێک لەنێوان ئەو دوو خواستە و غەریزە کپ کراوەکانی کەمالیزم و نێوان عوسمانیەتی نوێدا دابنێنن.

دوو فاکتەرەکەی تریش بریتی بوون لە (بەرپابوونی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دۆزینەوەی یەدەکێکی زۆری غاز لە ناوچەی دەریاری سپیی ناوەڕاست، بۆیە لەچەند ساڵی رابردوودا ئەردۆغان لەچەندین بۆنەدا باسی لێوە دەکات و تیشک دەخاتە سەر پەیماننامەی لۆزان و بە برینێکی سارێژ نەبووەوە سەر جەستەی تورکیا وەسفی دەکات و بە یادەوەریەکی تاڵ بۆ تورکەکان باسی دەکات.

ئەو پێی وایە پەیماننامەی لۆزان بۆتە هۆی بەرتەسک کردنەوەی سنووری جوگرافیی دەوڵەتی تورکیا و ناچاری کردووە سازش بکات لەسەر لە دەستدانی لە ٨٠%ی رووبەری خاکەکەی.

بۆیە دەڵێت: (تورکیا هەرگیز تا ئەم ساتەش لەبیری ناچێت کە پەیماننامەی دووەمی لۆزان وەکو سزایەک وابوو بۆ سەر تورکیا، چونکە وەک وڵاتێکی شکست خواردووی جەنگی یەکەمی جیهانی سەیری دەکرا).

لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئاخۆ ئەو باج و نرخەی تورکیا دەیدات چییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرهات و تورکیا دەست لە پەیماننامەی لۆزان هەڵبگرێت بەتەواوی، بەتایبەتیش کە ئێستا لەنێو سەنتەر و میدیا جیهانییەکان و خودی راگەیاندنەکانی تورکیاش باسی لێوە دەکرێت؟

ئەوەی شایانی باسە پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەی ڤێرسای لەلایەن ئەڵمانیاوە بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو دەستهەڵگرتنەی تورکیاش هەمان مێژوو دووبارە دەکاتەوە و ناوچەکە راپێچی شەڕێکی ئیقلیمی دەکات؟

**بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- ئەحمەد داود ئوغلۆ: کتێبی (قووڵایی ستراتیژی) پێگەی تورکیا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

٢- ساموێل هانتگتۆن: بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان - بنیاتنانەوەی سیستمی جیهانی.


٣- سیار جمیل، العثمنة الجدیدة، في التاریخ الموازي بین العرب والاتراک، المرکز العربي للابحاث و دراسة السیاسات، بیروت، ٢٠١٥.

٤- عمر تچبینار - ترکیا في الشرق الاوسط: بین الکمالیة والعثمانیة الجدیدة. مرکز کارنیجی الشرق الاوسط. ایلول ٢٠٠٨.

٥- سمیر ساڵح، بۆچی ئەردۆگان جووڵە بە خۆڵەمێشی پەیماننامەی لۆزان دەکات! گۆڤاری عەرەبی نوێ.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٢٠

# لەسیڤەرەوە بۆ لۆزان کورد لەکوێ بو؟ چیکرد؟



**جەعفەر عەلی**

پەیماننامەی سیڤەر "Treaty of Sevres" لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا، واتە ڕێک ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، لە نێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهان و دەوڵەتی عوسمانیدا ئیمزا کرا. بەگوێرەی مادەکانی (٦٢،٦٣،٦٤) لە فەسڵی سێیەم، کە فەسڵێکی تایبەتە و بە ناوی (کوردستان)ەوە تۆمارکراوە، بڕیاری دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی بۆ کوردەکان تێدایە. ئەو کاتەی پەیماننامەی سیڤەر ئیمزا کرا، مستەفا کەمال سەرکردایەتی جەنگی سەربەخۆیی تورکیای دەکرد.

**ساڵانی دوای سیڤەر**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠دا، وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا، فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە بە ناوی (فەرمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دامەزراند. لەو ئەرکانەش کە بەم فەرمانگەیە سپێردرابوو، بریتیبوو لە ئیدارەدانی کاروباری عێراق و بڕیاردان لە شێوەی حوکمڕانییەکەی.

وینستۆن چەرچڵ، وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا، پلانی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێکخستنی داهاتووی ناوچەکەی دانا. بۆ ئەم مەبەستەش دوو کۆنگرەی بەست: یەکیان لە لەندەن، ئەوی دیکەش لە قاهیرە.

## کۆنگرەی لەندەن

لە ١٢ی شوباتی ١٩٢١دا بەسترا. ئامانج لەم کۆنگرەیە یەکلاکردنەوەی کێشەکان بوو لەگەڵ کەمالییەکان. ئەم کۆنگرەیە بەهۆی پێداگری (بەکر سامی) نوێنەری ئەنکەرەی سەر بە کەمالییەکان لەسەر رەتکردنەوەی گفتوگۆ بە ئامادەبوونی نوێنەری سوڵتانی عوسمانی، شکستیهێنا. وێڕای سووربوون لەسەر رەتکردنەوەی داوای هاوپەیمانان، کە پەیماننامەی سیڤەر بکرێتە بنەمایەک بۆ گفتوگۆ.

## کۆنگرەی قاهیرە و چارەنووسی کورد

لەم کۆنگرەیەدا (١٢ - ٢٣ مارس ١٩٢١)، لە کەشێکی نهێنیدا، (٤٠ - ٥٠) دانیشتن لە هۆتێل سەمیر ئەمیس لە قاهیرە ئەنجامدرا و (٤٠) شارەزای کاروباری سیاسی، ئیداری، سەربازی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تیایدا بەشداربوون.

جگە لە چەرچڵ، لورانس، هیوبرت یۆنگ، خانم گیرترود بێڵ و مەندوبی سامی بریتانیا لە فەلەستین و میسر، چەندین ئەفسەری پلە بەرز، راوێژکار، بەرپرسی سیاسی و سەربازی دیکە تیایدا بەشداربوون. لەسەر ئاستی عێراقیش، جگە لە سێر پیرسی کوکس، مەندوبی سامی بریتانیا لە عێراق، هەر یەک لە جەعفەر عەسکەری و حەسقیل ساسون، کە یەکەمیان وەزیری بەرگری و ئەوی دیکەشیان وەزیری دارایی بوو لە یەکەم حکومەتی عێراقدا، بەشدار بوون.

کوردەکان دوای ماوەیەکی زۆر نەبێ، ئاگادارنەبوون لەبارەی داهاتووی باشوری کوردستانەوە چی گوتراوە، بەڵام روون بوو، کە مەسەلەی کورد یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی کۆنگرە و عێراقیش بوو. مەسەلەی دووەم، بریتیبوو لە دەست نیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتی قەوارە تازەکە (عێراق) و شێوەی پەیوەندی بە بەریتانیاوە. سەرەنجام فەیسەڵ کوڕی حوسێن بە مەلیکی عێراق دیاریکرا.

## بۆچوونەکان لە کۆنگرەی قاهیرە و پەیوەندی بە کوردەوە

یاداشتی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لیژنەی سیاسی: "پێویستە ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەبەرچاو بگیرێ، ئەو ناوچانەی کە کوردین، پێویستە نەخرێتە ناو ئەو دەوڵەتە عەرەبییەی لە میزۆپۆتامیادا دروست دەکرێت."

**بۆچـــوونی پیرســـی کـــوکس**: لە کۆبـــوونەوەی لیـــژنەی سیاســـیدا لە ١٥ی ئـــازاری ١٩٢٠، ســـەبارەت بە یاداشـــتی فەرمـــانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەیکرد و گوتی: "کوردەکان لە کەرکوک، سلێمانی، ناوچەکـانی بـاکوری موسڵ، کە بەشێکە لە عێراق و جیاناکرێتەوە، زۆرینەن". کوکس، بڕوای وابوو: "کورد تواناای حوکمی سەربەخۆی نییە، ئەوان لە نـاو خۆیانـدا بە جۆرێکی خراپ دابەش بوون، لە رووی هۆشیاری نەتەوەییەوە هەژارن."

**بۆچوونی هیوبرت یۆنگ**: دژی بۆچوونەکانی کوکس بوو، پێشنیاریکرد: "بەبێ دواکەوتن دەوڵەتێک بـۆ کوردەکـان دروستبکرێ و بخرێتە ژێر سەرپەرشتی مەندوبی سامی بریتانی و نەکرێتە بەشێک لە عێراق ."

(**مەیجەر نوئێل**)**یش** پشتگیری لەم بیرۆکەیە کرد.

**س.هـ.لۆنگریک**: سەرپەرشتیاری ئیدارەی کەرکوک بوو، وێڕای پشتگیری لە بۆچوونەکانی کوکس، بڕوای وابـوو: "کـورد بەسـەر خێڵـی جیـا جیـادا دابەش بـوون، سـەرۆکی نـاکۆک بە یەک ڕێبەرایەتیـان دەکەن و هـیچ هۆشـیارییەکی نەتەوەییـان نیـیە."

**هەرچی** (**مس بێڵ**)**ە**، پێیوابوو ئەنجامدانی هەر سەرکێشییەک لە کوردستان شکستخواردوو دەبێت. ئەو گـوتی: "بـابەتەکەتـان، واتە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد، شکستی لە نێوچاواندا نوسراوە، زۆربەی کوردەکـان گومـان دەکەن، کە پیـرۆزن، نیمچە عـاقڵمەنـدن، نـیمچە برسـین، تەواو بەربەریـن، لە کوردسـتان هەمـووان دژایەتـی هەمـووان دەکەن، چـۆن دەوڵەتـی کـوردی دادەمەزرێنن ."

**وینستۆن چەرچڵ**: چەرچڵ، پێیباش بوو، "باشوری کوردستان مافی ئۆتۆنۆمی تەواوی هەبێت، باشتر دەبـێ دەوڵەتێکی نـوێ لە نێوان فشارەکانی تورکیا لە دەرەوە و سەرهەڵدانی هەر جوڵەیەکی عێراقـی دوژمنکـارانە بەرامبەر بەریتـانیـا لە نـاوەوە، دابمەزرێت". پشتگیری خۆیشی بۆ (هیوبرت یۆنگ و نوئێل) دەربڕی.

چەرچڵ پێیوابوو: "حکومەتی عێراقـی داهـاتوو، سـوپایەکی عەرەبـی لە پشتییەوە دەبێ، خەون و هیواکـانی کـورد پشـتگوێ دەخات و وەک کەمینەیەک دەیانچەوسێنێتەوە."

هەروەها چەرچڵ بڕوای وابوو: "ئەگەر دەرفەت بە کورد نەدرێ بۆ خۆی حوکمی خۆی بکات، بە عێراقی نوێـوە بلکێنـرێ، هەر ئەمیرێکی شەریفی، چەنـدیش دیموکراتخـواز بێت، بێلایەن بێت، کاتێـک خـۆی لە پـێگەی هێـزدا دەبینێـتەوە، دوور نییە لە

بەرامبەر هیوا نەتەوەییەکانی کورد و بەرژەوەندی کوردەکان وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی بوەستێتەوە، بۆیە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە و لە بەرژەوەندی بەریتانیاشە دەوڵەتێکی کوردی Buffer Stat بکرێتە هێڵی دابڕینی نێوان عێراق و تورکیا."

## سەرەنجامی بۆچوونە جیاوازەکان

لیژنە کۆبوونەوەکەی بە ڕاسپاردەی (هیوبرت یۆنگ) کۆتایی پێهێنا بە بڕیاری "مانەوەی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی جیا لە عێراق."

هەر یەک لە چەرچڵ، نوئێل، لورانس، کە زۆرینە بوون پشتگیری ئەم پێشنیارەیان کرد، بەڵام پیرسی کوکس و مس بێڵ، دژی وەستانەوە.

دواتر زۆرینە وەک موجامەلەیەک بۆ پیرسی کوکس، مەرجی ئەوەیان سەپاند، کە: "ئەم بڕیارە تا ۳ ساڵ کاری پێناکرێت، تا ئەو کاتەی کوردەکان ئامادە دەبن بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونیان، ئایا دەیانەوێ ببنە بەشێک لە عێراق، یان نا."

بەگشتی زۆرینە، مەبەستیان بوو باشوری کوردستان بە عێراقەوە نەلکێنرێ و بەرپرسیارێتیەکەشی بخرێتە ئەستۆی مەندوبی سامی بەریتانی، بەڵام سیاسەتی دژ، توانی لە چەند مانگێکی کەمدا، ئەم بڕیارە گرنگە سڕ بکات و پلانەکەی کوکس بێنێتە پێش و جێبەجێی بکات، کە بوو بە سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کارەساتانەی دواتر کە مێژووی سیاسی عێراق بە خۆیەوە بینی. کوکس بە هاوکاری مس بێڵ، خاوەنی ڕۆڵی سەرەکی ئەم بۆچوون و پلانە دۆزەخییە بوون.

## ڕاپرسیکردن بۆ فەیسەڵ

لەو ڕاپرسییەی کە بەریتانیا بۆ کردنی فەیسەڵ کوڕی حوسێن، بە مەلیکی عێراق ئەنجامیدا:

خەڵکی سلێمانی بەشداری دەنگدانی نەکرد.
خەڵکی کەرکوک و دەوروبەری دژی فەیسەڵ دەنگیاندا.

هەولێر و ناوچە کوردنشینەکانی سەر بە موسڵ، بە مەرج دەنگیان بە فەیسەڵدا. خەڵکی هەولێر لە مەزبەتەکانی دەنگداندا نوسیبوویان: (ئەگەر مادەی ٦٤ی پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێکرا، ئەوان لەم بڕیارەیان پەشیمان دەبنەوە)

## بانگەوازی بەریتانیا و حکومەتی عێراق

بانگەوازەکەی بەریتانیا و حکومەتی عێراق لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا، بۆ کورد و کۆمەڵەی گەلان بڵاوکرایەوە.

لە بانگەوازەکەدا بەریتانیا و حکومەتی عێراق، مافی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا دەسەلمێنن. داواش دەکەن کوردەکان لە ناو خۆیاندا لەسەر شێوە و سنوری حکومەتەکە ڕێکبکەون، نوێنەرێکی خاوەن دەسەڵاتیش بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە پەیوەندی ئابووری و سیاسی لەگەڵ بەریتانیا و عێراق، بۆ بەغدا بنێرن.

## لەم ماوەیەدا، کورد لە کوێ بوو؟ چیکرد؟

لە ماوەی نێوان سیڤەر و لۆزاندا (١٩٢٠ - ١٩٢٣)، ئەوەی زیاتر لە گۆڕەپانەکە پێگە و قورسایی جەماوەری هەبوو، لە پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی دەیتوانی کاریگەری هەبێت و حیسابی لەسەر دەکرا، بە پلەی یەکەم، شێخ مەحمود، کە تا ساڵی ١٩٢٢ دوورخرابوویەوە بۆ هیندستان، سمکۆی شکاک و سەید تەهای شەمزینی بوون.

پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٢، پەیوەندی دۆستانە و گەرم و گوڕ نەبووە. سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٣ و دوای تێکشکاندنی جوڵانەوەکەی پێدەچێ بە ناچاری و لە گەڕان بە دوای شوێنێک بۆ حەوانەوە و لەسەر داوای ئینگلیز و بە ڕێگەپێدانی ئەوان، بۆ دیدەنی شێخ مەحمود، سەردانی سلێمانی کردبێ. ئامانجی سەردانەکە هێندەی بەرژەوەندی ئینگلیز هاندەری بووە، هێندە بەرژەوەندی و کاری هاوبەش بۆ مافەکانی کورد و بردنە پێشی مادەکانی تایبەت بە کورد لە پەیماننامەی سیڤەردا، هاندەری نەبووە. ئینگلیز سمکۆی بۆ ئەوە دەویست، تا لەگەڵ شێخ مەحمود بە یەکەوە بەرە و شەڕی تورکەکان (ئۆزدەمیر) لە ڕەواندوز ئاراستەیان بکات.

سەبارەت بە سەید تەهای شەمزینیش، ئەو کاتەی شێخ مەحمود دوای ئازادکردنی و گەڕانەوەی لە هیندستان، قەوارە و چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیداری لە سلێمانی دروستکردبوو، سەید تەها، کە هەر وەک شێخ مەحمود، پیاوێکی دینی و دەرەبەگێکی گەورەی کورد بوو، لە بری کۆکردنەوەی تواناکان و هەوڵدان بۆ کاری سیاسی و دیپلۆماسی هاوبەش، بە ئامانجی بردنەپێشی دۆزی کورد و پێداگیری لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لەسەر جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر، ئەویش لە بری ئەمانە، داوای لە ئینگلیز کردووە، قەوارەیەکی سیاسی لە شێوەی قەوارەکەی سلێمانی، لە ڕەواندوز و ئامێدی و ئاکرێ، بۆ دابمەزرێنن.

ئەمانە و کۆی ناکۆکییە ناوەکییەکانی نێوان کورد خۆی، ناکۆکی نێوان شێخ مەحمود و منەوەرەکانی ئەو رۆژگارە و ئەوانەی لە ئەستەنبوڵەوە گەڕابوونەوە و رۆژنامەکانی سەردەمی شێخیان بەڕێوەدەبرد، هەموو ئەمانە وایانکردبوو، ئەو کاتەی بەشێکی گرنگ لە مافەکانی کورد لە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیدا جێگیر دەکرێ، ئەو کاتانەی لە کۆنگرەکاندا گفتوگۆی چڕ و چارەنووساز سەبارەت بە دۆز و داهاتووی نیشتیمانەکەی دەکرێ، ئەوان لە بری بیرکردنەوە لە بردنەپێشی مەسەلە گەورەکە، مەسەلەی مافی نەتەوەیی و جیابوونەوە لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، خەریکی هەوڵدان بۆ زامنکردنی بەرژەوەندی شەخسی و بنەماڵەیی، بۆ دروستکردنی دیوەخانی سیاسی و ماڵی سیاسی تایبەت بە خۆیان و قوڵکردنەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکانیان بوون.

جگە لەمانە، بەشێکی گرنگ لە کوردەکان لەو ماوەیەدا و لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا (١٩١٩ - ١٩٢٢)، وەک هێزێک لە پشتی کۆمەککردن بە مستەفا کەمال ئەتاتورک وەستابوونەوە و هاوکاری بوون. مستەفا کەمالیان، وەک رزگارکەر و فریادڕەس دەبینی، پێیانوابوو بە سەرکەوتنی ئەتاتورک و کەوتنی دەوڵەتی خەلافەت، لە شەیتانەوە دەچنە باوەشی فریشتە و مافە سیاسی و کەلتورییەکانیان بۆ دەستەبەر دەبێت.

ئیدی سەرەنجام، ئەوەی لە جێبەجێ نەکردنی سیڤەر بەرپرسیارە، بە تەنیا وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهانی و بریتانیا نین. بە دڵنیاییەوە ئەوان بەرپرسیارن و گوناهی گەورەیان دەرهەق بە مافە سیاسی و کەلتورییەکانی گەلی کورد کردووە، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەو شکست و دۆڕانە، بەشێکی دیکەی ئەم گوناهە، دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی و، ئەو هۆشیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، لەبری کارکردن بۆ بردنەپێشی دۆزی کورد و مافەکانی وەک لە سیڤەر و کۆنگرەی قاهیرەدا جەختی لێکرابووەوە، وزە و تواناکانی خۆیان، یان لە پشتیوانی نەیارەکانیاندا بە فیڕۆدا، یان لە ململانێ و پەلاماردان و سوکایەتی بە یەکدی بەتاڵیان کردەوە.

کۆی ئەو ناوانەی لەو رۆژگارەدا دەیانتوانی شتێک بکەن و نەیانکرد، دەیانتوانی جوڵەی سیاسی و دیپلۆماسی باشتر بکەن و نەیانکرد، دەیانتوانی ژێرخانی بوونی دەوڵەتێک دابنێن و پێچەوانەکەیان هەڵبژارد، بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەخلاقی بەشێک لە نەهامەتییەکانی گەلی کوردیان دەکەوێتە ئەستۆ.

مێژووی ئێمە دوای سەد ساڵی تەواو لە تێپەڕبوون بەسەر پەیماننامەی سیڤەردا، هێشتا وەکخۆی، لە سەردەمێکی تەواو گۆڕاودا، بە زمانێکی دی و بە مۆدێلێکی دی، مەحکومە بە دووبارەبوونەوەیەکی پڕ لە شەرم.

پەیمانەکان و ڕێککەوتنەکانی عوسمانی - سەفەوی و پەیوەندییان بە گەلی کوردەوە؛ دووەم ڕێککەوتننامەی زەهاو-زەهاوی (پەیمانی ڕێکخستنی سنوور)(١٦٣٩)ی.ز:

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ١٧ی مایسی ١٦٣٩ لە نێوان سوڵتان مورادی چوارەم و "شا سەفی" سەفەویدا لە شاری زەهاوی (سەرپێڵ و زەهاو)ی نزیک قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستراو بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە شەڕی - جەنگی درێژخایەنی نێوان داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەوی کۆتایی هات.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم ڕێککەوتننامەیەی نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری عوسمانی و سەفەوی بۆمان دەردەکەوێت کە:

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ناو خاکی کوردستاندا مۆر کراوە و لە لایەکی تریشەوە، یەکەمین دابەشکردنی خاکی کوردستان بوو بە ڕەسمی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی و سەفەیدا و هەروەها تەواوی بەندەکانی - خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە و نە هیچ ڕێککەوتننامەکانی تر، کە لە سەر چارەنووس و دابەشکردنی خاکی کوردستان دەبستران و مۆر دەکران، نە بە ئاگاداری کورد و نە هیچ نوێنەرێکی کوردییان تێدا بەشدار نەبووە.

بە پێی بەندەکانی - خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە کوردستان بەم شێوەیەی لێ دێت لە نێوانیاندا کە ئەم بەندانە - خاڵانە لە گرنگترین بەندەکانی - خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بوون:

١- ئەم ناوچانە دەکەونە نێو سنووری دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەرەوە: (بەدرە. جەسان، مەندەلی، درنە، سەرپێڵ و ئەو گوندانەی کە دەکەونە نێوان قەڵای زنجیر تا قەڵای زەڵم لە شارەزوور و هەموو شاخەکانی دەوروبەری ئەم قەڵایە تا ئەو دەروازەیەی بۆ شارەزوور دەڕوا و خاڵی سنووری هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر پێک دێنێ، سەرەڕای قەڵای قزڵجە و دەوروبەری).
٢- دەبێ حکوومەتی داگیرکەری سەفەوی دەست وەرنەدات و خۆی نەدا لە قەرەی هەموو ئەو قەڵا و زەوییانەی دەکەونە سنووری قارس و وان و شارەزوور و ئەو قەڵایانەی دیکە کە سنووری عوسمانی داگیرکەر دەپارێزن.
٣- دەبێ حکوومەتی سەفەوی داگیرکەردەست لە جنێودان بە خەلیفەکانی ڕاشدین و ئەسحابەکان هەڵبگرێت.
٤- ئەو قەڵایانەی دەکەونە ئەو بەرەوە لە نێوان مەندەلی و دەرتنگ و شوێنەکانی: بیرە، یەکە، زومردهاوا و گوند و قەڵاکانی ڕۆژهەڵاتی قەڵای زنجیر و مەریوان و دەوروبەریان بۆ سنووری دەوڵەتی سەفەوی داگیرکەر، نابێ دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەر دەست لە کاروباریان وەربدات.

٥- هەردوو تیرەی (پیرە) و (زەردووی) عەشیرەتی جاف سەر بە سەفەوی داگیرکەر دەمێننەوە.

٦- ڕووخاندنی قەڵای زنجیر و هەردوو قەڵای قوتور و ماکۆ دەکەونە سەرووی (وان) و قەڵای (موغاز برد) دەکەوێتە ناوچەی قارس.

٧- هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر دەست لە کاروباری یەکدی وەرندەن.

ئەم پەیمانە توانی بۆ نزیکەی هەشتا ساڵ شەڕ - جەنگ و کوشتاری نێوان هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری (عوسمانی و سەفەوی) ڕابگرێت.

ئەگەر بە وردی سەرنج لەو ڕێککەوتننامەیە بدەین، بۆمان دردەکەوێت کە کاریگەری لە سەر کوردستان زۆر هەبووە ئەویش سەرەڕای دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی و سەفەویدا، کە بە یەکەم دابەشکردنی ڕەسمی کوردستان دادەنرێت لە نێوانیاندا.

ئەم پەیمانە دیسانەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی مۆر کردنەکەیەوە، هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر هاریکاری دەکەن دژی هەموو جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستاندا ئەگەر ڕوویدا لە پێناوی سەربەخۆییدا.

لە دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیترعوسمانییە داگیرکەرەکان ترسیان لە سەفەوییە داگیرکەرەکان نەماو و هەروەها ئیشیان بە هەمان شێوەش بە کورد نەما، کەوتنە چەسپاندنی سیاسەتی مەرکەزی لە کوردستاندا و بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێن و گفتانەی کە دابوویان بە میرنشینە کوردییەکان و وردە وردە کەوتنە لاوازکردن و پاککردنەوە و داگیرکردنی کوردستان و نەهێشتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# پەیماننامەی لۆزان، گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا



ئامادەکردنی: زاهیر سدیق

سەدەیەک لەمەوبەر رێکەوتننامەیەک لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ دا کەوتە بواری واژۆکردن و جێبەجێکردنەوە، کە شوێنەوارە خراپەکانی دواتر دەرکەوت ئەویش رێکەوتننامەی لۆزان بوو، لۆزان شارێکی وڵاتی سویسرا بوو سەربەکیشوەری ئەوروپا کە رێکەوتننامەیەکی تێدا واژۆکرا، بەستنی ئەو رێکەوتننامەیەش قسەوباسێکی یەکجار زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی پێویستە دوای ئەو ماوەیە خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ بکرێت هۆکار و دەرئەنجامەکان و ئاستی پەیوەندی کورد بەو رێکەوتنەوە، لۆزان لەدوو خولدا کاری لەسەر ئەکرا کە هەر خولەو چەند رۆژێکی خایاند، خولی یەکەمی لەبەرواری بیستی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ی زاینی دەستی پێکرد و لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ی زاینی کۆتایی بەکارەکانی هێنا، خولی دووەم لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٣ی زاینی دەستی پێکرد لە ٢٤ی تەموزی هەمان ساڵ کۆتایی هات، یەکێکیش بوو لەو رێکەوتننامانەی زۆرترین قسەی لەسەر کرا، چونکە بەرژەوەندی چەندی دەوڵەت و هێزی جیهانی خستبووە ژێر پرسیارەوە کە ئامادەی دانیشتنەکان و واژۆی مادە و برگەکانی بوون، لێرەوە وەک یەکێک لە رێکەوتننامە مێژووییەکان چووە نێو مێژووی هاوچەرخی جیهانەوە، هەر لەم کۆنگرەیەدا عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆک وەزیرانی تورکیای بەرەگەز کورد وەک

نوێنەری حکومەتی تورکیا و لۆرد کرزۆن سیاسەتمەداری ناسراوی ئینگلیزی وەک نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لەسەر مەسەلەی ویلایەتی موسڵ کەوتنە گفتوگۆیەکی وردوپڕوپچڕەوە، دیارە بەستن و گرێدانی هەرکۆبوونەوەیەک هۆکار و دەرئەنجامی خۆی هەیە بەتایبەت کۆبوونەوە بۆ مەبەستێکی سیاسی و دیاری کردنی بەرژەوەندی ئاسۆکانی دوا رۆژی چەند دەوڵەتێک، لەم نێوەندەشدا گرێدانی ئەو رێکەوتننامەیە لەو شارە و بۆماوەیەک چەندین هۆکاری گرنگی لەپشتەوە بوو، گرنگترینیان ئەمانەبوون، یەکەم پێداچوونەوە بوو بەمادە و بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر کە لە١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لەنێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم واژۆ کرابوو، پێداچوونەوە بەسنووری دەوڵەتی عوسمانی ئەو دەوڵەتەی کە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا شکستی خوارد و ناوچەکانی بووبوونە جێگای چاوتێبڕینی وڵاتانی سەرکەوتوو لەجەنگدا، سەرکەوتنی دەوڵەتی نوێی تورکیا کە لەسەر دەستی ئەتاتورک ئەو مانایەی وەرگرت کە لێرە بەدوا کۆماری تورکیا بەهیچ جۆرێک دەوڵەتی عوسمانی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین دەوڵەتە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەوە، وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگەکان لەبەرچاو بگرێت. سێیەم ئاوەڕدانەوە لەو گەل و هێزانەی کە لەپەیمانی سیڤەردا رەچاوی مافەکانیان کرابوو، بەڵام دوای ئەو پەیمانە دژایەتی بەرژەوەندی وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگیان کرد، چوارەم چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەنێوان دەوڵەتی تورکیای نوێ و دەوڵەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا، ئەم رێکەوتننامەیە بۆ قسەکردنی چەندین هێز و لایەن بەسترا، بۆیە خۆی لەچەندین بڕگە و مادەدا بینییەوە، لەنێو ئەو بڕگەومادانەدا، مادەکانی سی و حەوت بۆ چلوپێنج تایبەت بوون بەمافی کەمینەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێو ئەوانیشدا گرنگترینی ئەو مادانە تایەبەت بوون بە کورد، مادەی سی و حەوت حکومەتی تورکیا مافی دەرکردنی هەر بڕیارێکی هەیە کە نەگونجا لەگەڵ بڕیار و بەرژەوەندییەکانیدا، مادەی سی و هەشت حکومەتی تورکیا بەڵێن بەدانیشتوانی تورکیا ئەدات کە بەرگری لەماف و سامان و سەربەستیان بکات ئەوەش بەبێ جیاوازی زمان و رەگەز و ئاین، مادەی سی و نۆ حکومەتی تورکیا هیچ کۆستێک ناخاتە بەردەم کەس کە لەژێر چاودێری تورکیادان و هەروەها ئازادن بەزمانی خۆیان رۆژنامەگەری و بازرگانی و خودا پەرستی و هەموو چالاکی سیاسی خۆیان بکەن، دوای سەردەمانێک لەو رووداوەوە جێگەی خۆیەتی هەر تاکێکی کورد بەوردی بڕوانێتە ئەو مێژووە و بەوریاییەوە کاری لەسەر بکات، چونکە بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە ئەزموونەکانی مێژووی بۆی سوودی نەبێت پێویستە بۆ لای بگەڕێتەوە، چونکە هەموو سەردەمێک بۆ کورد ئەگەر بۆ ئەزموونەکانی رابردووی نەگەڕێتەوە لۆزانێکە بۆیە بەکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی و رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا ئەو دابەشبوونەی خاکی کوردستان و لێدانی بزوتنەوە رەواکەی کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە ئەگەر دوای ئەو مێژووە بێ ئاگابین لەهۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو رێکەوتننامەیە ئەوە دووبارەبوونەوەی لۆزانێکی تر لەئێستادا لەهەموو کاتێکی تر نزیکترە، بەڵام بەوریایی مامەڵەکردن لەگەڵیدا مانای کۆتایی هێنان و رێکەوتننامەیەکی خەونی کورد و کوردستانی نایە ژێر گڵ، ئەوەش ئەو هیوایەیە کە هەموان چاومان تێبڕیوە بەو مەرجەی هەموومان یان هیچ نەبێ زۆربەمان لەئاست رووداوەکانیدا بین.

**بەغیابی کورد ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عیراق**

**د. کامەران محەمەد**: بێگومان ئێمە ناتوانین باس لەپەیمانی لۆزان بکەین ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سیڤەر، کە لەسیڤەردا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی یەک لاکەرەوە ئەیانویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز و پەرتەوازەی بکەن تەنانەت ئەو دەوڵەتە لەسنوری ئەستەنبوڵدا بهێڵنەوە، واتە بەشێوازێک پەرتی بکەن، هەموو ناوچەکانی لێ جیابکەنەوە، ئەمەش بەتایبەتی لەلایەن ئەو هێزەی کە تازە دروست بوو پێشتر بزوتنەوەی کەمالی بوو و تازە دەوڵەتی تورکیایان پێکهێنابوو بەسەرۆکایەتی ئەتاتورک، قبوڵ نەدەکرا، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی هەوڵی یەک لایی کردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیتاڵیا و لەگەڵ فەرەنسادا، ئەوە بوو جەنگی یۆنانی دەست پێکرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بێگومان هەموو ئەمانە وایان کرد بەریتانیا بەخۆیدا بچێتەوە و ئەوە بوو ئەو پەیماننامەیە هاتە ئاراوە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پەیماننامەی سیڤەردا کرا و بەوکارانەی پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی ئەستەنبوڵ کە دەوڵەتی سوڵتان بوو ئەو زەمانە کرابوو، بۆیە دەتوانین بڵێین نوێنەری دەوڵەتی تورکیا عیسمەت ئینونۆ وەک نوێنەری تورکی لە لۆزان ئامادە کە ساڵی ١٩٢٢بەسترا بۆ یەکەم جار، لۆرد کریزۆنیش وەک نوێنەری بەریتانی، بێگومان کێشەیەکی سەرەکی لەم پەیماننامەیەدا بریتی بوو لەکێشەی ویلایەتی موسڵ، ئایا موسڵ ئەبێ بخرێتە سەر تورکیا یاخود ئەبێ سەربەو دەوڵەتە نوێیە بێت کە ناوی عێراقە لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا؟ تورکیا کۆمەڵێک پاساوەی گرنگی خۆی هەبوو لەڕووی دیموگرافیاوە، لەڕووی دانیشتوانەوە تورکەکان پێیان وابوو زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لەکورد و تورک بۆیە ئەمە پاساوێکی بەهێزە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، هەروەها پاساوێکی تری ئابووریشیان هەبوو کە بریتی بوو لەوەی بازرگانی و ئابووری ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵدایە، واتە لەگەڵ باکووری کوردستاندایە ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە کاریان لەسەر ئەکرد، پاساوێکی تری یاساییان هەبوو تورکەکان ئەویش ئەوە بوو ئەیانوت ویلایەتی موسڵ لەکاتی جەنگدا داگیرنەکراوە، بەڵکە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانییەوە، واتە ئاگربەستی مۆندۆرس لەو کاتەوە ئەو ویلایەتە خراوەتە سەر عێراق واتە بەریتانیا هاتووە داگیری کردووە کە ئەمە پێشتر ویلایەتێکی عوسمانی بووە، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە پاساوێکی تریان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کوردەکان هاوسۆزی ئاینیان لەگەڵ تورکەکاندا هەیە. بۆیە عیسمەت ئینۆنۆ هەموو ئەمانەی خستە بەردەم کریزون کە لەو کاتەدا نوێنەری دەوڵەتی بەریتانی بوو، هەموو ئەمانە پاڵپشتن بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، بەڵام لەبەرانبەر ئەوە پاش دوو مانگ کریزۆن وەڵامی ئەم پاساوانەی دایەوە سەبارەت بەدیموگرافیا ئەوەی راگەیاند زۆرینەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ کوردن نەک تورک، هیندوئەورپین ئەمەش لەڕووی نەژادەوە لەگەڵ تورکەکاندا بێگومان جیاوازن، لەڕووی ئابووریشەوە ئەوەی خستیبووەڕوو ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراقدایە واتە لەگەڵ ئەو

دەوڵەتەدایە کە بەریتانیا ئەیەوێت، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە تورکیا ئاماژەی پێکردبوو کوردەکان ئەیانەوێت لەگەڵ تورکیادابن، ئەم ئەوەی راگەیاند کە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە کوردەکان بەبەردەوامی لەشۆڕشدابوون بەرانبەر بەدەووڵەتی عوسمانی تاجەنگی جیهانی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە وا لە بەریتانیا ئەکات دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ نەبێت، چونکە کوردەکان بەکرداری نایانەوێت بخرێنە ژێر دەسەلاتی ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە پێی ئەوترێت تورکیا، بەڵکە ئەیانەوێت لەگەڵ عیراقدا بژین، لەڕووی یاساییشەوە پاساوێکی تری تورکەکان بوو، دەوڵەتی بەریتانی پێی وابوو ئەبێ بخرێتە سەر عێراق، چونکە بەفەرمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوکاتە بەفەرمی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەر کاتێکیش هەر هەنگاوێک ئەنرێت ئەبێ بەرەزامەندی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێت بۆیە ئەمە گرنگترین ئەو پاساوانە بوون هەریەک لەدەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەیانخستە روو، ئێمە لێرەدا ئەوە بەدی ئەکەین، ئەوەی غیابی هەیە، ئەوەی هەژماری بۆ ناکرێ بریتییە لەکورد.

### گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا

**فەرید ئەسەسەرد**: ئێمە زۆرتر جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکەین کە زۆرتر پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەیە، ئەمە گەلەکۆمەکییەک بوو لەکورد کرا، بەڵام ئەمە بەشێکی بچوکی پەیمانەکەیە، پەیمانەکە زادەی گۆڕانی رەوشی نێودەوڵەتی بوو لەو زەمەنەدا، چونکە لە١٩٢٠ کە پەیمانی سیڤەر واژۆکرا هەلومەرجێکی تازە هاتەکایەوە، دەوڵەتی تازەی تورکیا دەوڵەتێکی بەزیو بوو، شکابوو، بەشێکی زۆری شوێنەکانی داگیرکرابوو، لەسەر کاغەز پارچە پارچە کرابوو، نیاز وابوو دوو دەوڵەتی تازە بۆ ئەرمەن و کورد لەسەر خاکی ئێستای تورکیا دابمەزرێ، وڵاتەکانی تری وەک سوریا و عێراق و لوبنان وئوردوون ئەمانەی دوایی بوون بەدەوڵەت، هەموویان لەتورکیا سەندرابوونەوە. ئەمە هەلومەرجی ١٩٢٠ بوو ١٩٢٣ هەلومەرجێکی تر هاتبووە کایەوە، ئەویش ئەوە بوو هێزێکی تر لەتورکیا پەیدابووبوو مستەفا کەمال رابەرایەتی ئەکرد، تورکیا توانی بووی هەستێتەوە سەرپێ و توانی بووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی باکووردا بەهێز بکات، کارێکی وای کردبوو کوردی باکوور ببن بەهاوپەیمانی خۆی، توانی بووی ڕووبەڕووی بەریتانیا ببێتەوە، هەروەها توانیبووی هاوپەیمانێتییەکی بەهێز لەگەڵ روسیای سۆڤیەت دابمەزرێنێ، جگە لەوەی پاشان توانی هێزە داگیرکەرەکانی یۆنان لەئەزمیر دەربکات و سەرکەوتنێکی گەورە لەشەڕی سەقاریا بەدەست بهێنێت. ئەمە هەمووی هەلومەرجی تازەبوو هاتبووە کایەوە، بەهۆی ئەمەوە لایەنەکانی تریش بیریان لەوە کردبووەوە مادەم هەلومەرجێکی تازەهاتووەتە کایەوە، بالانسی هێزەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەوانەیە نەتوانن سیڤەر بەو جۆرەی هەیە جێبەجێ بکەن، بیریان لەئەلتەرناتیفێک کردەوە، ئەوەش بریتی بوو لەپەیمانی لۆزان کە بەشێکی زۆری بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و بەرژەوەندییەکانی تورکیای دابین ئەکرد، یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی بریتی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کە تورکیای پارچە پارچە

ئەکرد، کارێکی وای کردبوو تورکیا وەکو هێزێکی گەورە و بەهێز لەناوچەکەدا نەمێنێت، جگە لەوە ئەورووپییەکان هەندێک مەرجیان هەبوو لەوانەیە لە لۆزاندا باس نەکرابێ، بەڵام ئەمان بەسەرزارەکی لەسەری ڕێککەوتبوون، یەکێ لەوانە ئەوە بوو لەباتی ئەوەی دوو حکومەت لە تورکیا هەبێت، یەکێکیان لە ئەنقەرە و ئەوی تریان لەئەستەنبوڵ، ئەوان بیریان لەوە کردەوە پێویستە حکومەتی خەلافەتی عوسمانی لەناوببرێ و دانی پێدانەنرێت و کاربۆ ئەوە بکرێت  یەک حکومەت هەبێ، ئەو کاتە لەئەنقەرە حکومەتێکی تازە دامەزرابوو. ئەمان بیریان لەوە کردبووەوە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕزگاریان بێت لەبیروباوەڕی پانئیسلامیزم ئەو وەختە هێزێکی زۆری لەناوچەکەدا هەبوو، هەروەها گەلانی موسڵمان ئیتر لەمەولا یەک مەرجەعیەتیان نابێت بەشێوەی خەلیفەی عوسمانی، تورکیا وردە وردە ئەبێت بەبەشێک لەئەوروپا یاخود نزیک ئەبێتەوە لەئەروپا، یاخود ئەبێ بەدەوڵەتێک پشت لەکەلەپوری عوسمانیانەی ئەکات، ئەمە هەمووی قازانج بوو بۆ بەریتانیا و ئەوروپاو بەهۆی ئەمەشەوە پشتگیری جێبەجێ کردنی پەیمانی سیڤەریان نەکرد و چوونە سەر ئەو پەیمانەی لەلۆزان ئیمزاکرا لەبەرژەوەندی هەموولایەکیان بوو.

## بەریتانیا مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو

**د. کامەران محەمەد**: حەز دەکەم بەقسەیەکی دکتۆر کەمال مەزهەر مێژوونووسی گەورەی کورد دەستپێبکەم، ئەڵێت لەکاتی بەستنی پەیمانی سیڤەریشدا کە مافی کوردی بەشێوەیەکی زۆرباش تێدا ڕەچاوکرابوو لەبەندەکانی شەست و دوو و شەست و سێ و شەست و چوار دا باس لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کرابوو، و دواتر ویلایەتی موسڵ ئەگەر ویستیان بچنە سەر ئەو دەوڵەتە دەتوانن، ئەڵێ لەو کاتەشدا بەریتانیا مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو، چونکە بەنهێنی لەگەڵ فەرەنسا و ئیتاڵیا ڕێکەوتننامەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی لەژێرەوە ئەم پەیماننامەیە لەبار ببەن، ئەوەمان لەبیربێت لەساڵی ١٩١٦دا کۆمەڵێک نامە لەنێوان شەریفی مەکە حوسێن و مەکماهون لەقاهیرە  ئاڵوگۆڕکراون، لەوێدا بەئاشکرا بەڵێن بەعەرەبەکان ئەدەن دەوڵەتێکی عەرەبی دابمەزرێنرێت و دواتریش لەکۆنگرەی ئاشتیدا بەڵێن بەمەلیک فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنی مەکە ئەدرێت بیکەن بەسەرۆکی ئەو دەوڵەتە، لەساڵی ١٩٢٢شدا بەهەمان شێوە بەڵێنی پاراستنی خاکی عێراق ئەدا بەویلایەتی موسڵەوە بەمەلیک حوسێن ئەدات، ئەوکاتە پەیماننامەی لۆزان لەسەرەتاکانیدا بوو، واتە بەریتانیا لەسەرەتاوە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا نەبووە، چونکە خۆی بەستووەتەوە بە کۆمەڵە شتێکەوە بەرژەوەندی خۆی تێدابووە، حەز دەکەم قسەیەکی وینستۆن چەرچڵ بەنموونە بهێنمەوە هەر لەو سەروبەندەدا لەسەر کوردو ئەفغان  وتویەتی زۆر دروستە گازی ژەهراوی بەرانبەر بەنەتەوە ناشارستانییەکان بەکاربهێنرێ بەتایبەتیش کورد و ئەفغان ئەو کاتە وەزیری موستەعمراتی بەریتانی بووە، واتە زۆر بەباشی ئاگای لەکێشەکان بووە، بۆیە لەسەرەتاوە بەریتانیا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوو، هەر بۆیە دواتر لەڕێکەوتننامەکەدا کریزۆن ئامادەیی خۆی و دەوڵەتی بەریتانی دەردەبڕێ بۆ

پاشەکشەکردن لەبەندەکانی سیڤەر بەمەرجێک تورکیا ببێتە ئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا، بەریتانیا ئەمەی بۆچی کرد؟ بەریتانیا ئەمەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر تورکیا ببێت بەئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا لەروسیا دووری ئەخاتەوە کە لەروسیا دووری خستەوە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەکانی کەنداو وعیراقدا سەلامەت ئەبێ، بۆیە بەشێوەیکی گشتی لەکۆتاییدا ئەتوانین بڵێین بەریتانیا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە و کاری بۆ ئەوە کردووە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتەی کە پێکی هێنابوو و پێشتریش بەڵێنی بەهەر یەک لەعەرەب و مەلیک فەیسەڵ دابوو.

## تورکیا ئەیویست لەپرۆژەی دەوڵەتی کوردستان و ئەرمەنستان رزگاری بێت

**فەرید ئەسەسەرد**: ئەمە پەیمانێک بوو پەیوەندییەکانی ئەوانی سەرلەنوێ رێکخستەوە، بەڵام ئەم پەیمانە زۆرتر لەنێوان چەند دەوڵەتێکی بەشداربوودا بوو، هەندێک دەوڵەت بەشداربوون لەوانەیە ئێستا وجودیان نەمابێت، بەڵام ئەمە پەیمانێک بوو بۆ کۆتایی هێنان بەسەر ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، پەیمانێک بوو بۆ دانان و چەسپاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازە، پێویستی بەوە ئەکرد تورکیا بەشداربێت لەدانان بەسەر ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، تورکیا ئامادەیی ئەوەی دەربڕی سنوری ئێستای بۆ بهێڵنەوە بەرانبەر بەوەی دان بەسیستمە تازەکەدا بنێ، بەرانبەر بەوەی وازی لێبێنن و ئیتر هەوڵی روخاندن و داگیرکردنی نەدەن، ئەم پەیمانە بەدڵنیاییەوە قازانجی تورکیاشی تێدابوو، بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بەفەرەنساوە هەبوو، فەرەنسا داگیرکەری سوریا و لوبنان بوو، ئەو پێویستی بەوە هەبوو بەفەرمی بەشێوەیەکی یاسایی دەستبەرداری وڵاتی سوریا بێت ئەم ئەوەی بەدەستهێنا، بەریتانیا پێویستی بەوە هەبوو سنورێک دەستنیشان بکرێت لەنێوان عێراق و تورکیا و مەسەلەی ویلایەتی موسڵ یەکلابکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ نەوتەکەی دەربکات، تورکیا ئەیویست خاکەکەی پارچە پارچە نەکرێت و رزگاری بێت لەپرۆژەی دەوڵەتی کوردستان و پرۆژەی دەوڵەتی ئەرمەنستان، ئەوەشی بۆهاتە دی. لایەنە سەرەکییەکان ئەوانە بوون، جگە لەوەش کێشەیەکی تریش هەبوو لەنێوان تورکیا و یۆنان سەبارەت بە مەسەلەی دوورگەکان، ژمارەیەکی زۆر دوورگە لەدەریای ئیجە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە تورکیا بەوە رازی بوو سنوورەکان دەستنیشان بکرێن بەقازانجی یۆنان بەرانبەر بەوەی یۆنان واز لە ئیزمیر بێنێت و دان بەوەدا بنێت ئیتر هیچ داوایەکی نییە لەخاکی تورکیا لەبەر ئەوە هەموو لایەنەکان هەر یەکە بەقەد توانای خۆی قازانجی لەم پەیمانەکرد ئەوەی زەرەری تێدا کرد کورد و ئەرمەنەکان بوون، نەیانتوانی دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.

**د. کامەران محەمەد**: هەر یەک لەتورکیا و بەریتانیاش کاریان لەسەر ئەوە ئەکرد کورد وەکو کارتێکی فشار کارتێکی تری یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، ئەو پاساوانەی باسمان کرد وای لەتورکیا کرد هەمیشە خەون بەویلایەتی موسڵەوە ببینێ و بەبەشێک لەخۆی بزانێ و بانگەشەی ئەوەشی ئەکرد تا بەرزاییەکانی حەمرین ئەبێ

بخرێتە سەر تورکیا بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەبوو سوپایەکی نارد، مێژوونووسان زۆر ئاماژەیان پێکردووە، لەمێژووی کوردیشدا دیارە لەناوچەی ڕەواندوز نیشتەجێ بوون، ئەویش سوپای ئۆزدەمیر بوو، لەوکاتەدا هەوڵیدا بەشێوازێکی زۆر لێزانانە هەست و سۆزی کوردەکان بەلای خۆیاندا رابکێشێ و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنێ، بۆیە دەستی کرد بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود و سەرۆک هۆزەکان و پیاوە ناودارەکان، هەوڵی ئەدا زەمینەسازی بکات بۆ ڕاپەڕینێکی هۆزەکی لەگەڵ شێخ مەحمود دا، لەم سەروبەندەشدا سوپایەکی زۆر هاتە سەر سنوورەکان، کە ئەمە لەڕووی دەروونییەوە وای لەکوردەکان کرد وێنەیەکی دیکەیان بۆ تورکیا بکێشن، وێنەیەک کە لەزەینی ئەواندا تورکیا لەوانەیە بتوانێ سەرکەوتن بەسەر بەریتانیا بهێنێ، وەک ئیدمۆنز لەبەرهەمەکەی خۆیدا ئاماژەی پێدەکات هەموو هەوادارانی ئینگلیز لەناوچەکەدا واتە لەسلێمانی و هەولێر و کەرکوک کەوتنە مەترسییەوە و لەدڵەڕاوکێدا بوون. بۆیە تورکیا بە بەردەوامی کاری لەسەر ئەم خاڵە ئەکرد بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێ واتە کوردەکان وەکو وەرەقەیەک بەکار بهێنێ.

**فەرید ئەسەسەرد**: تورکەکان و کوردەکان لەو سەردەمەدا بووبوون بەهاوپەیمانی یەکتری لەو ڕوانگەیەوە کە هەر دووکیان موسڵمانن و بەریتانیا دوژمنی هەر دووکیانە و دەوڵەتێکی ئەورووپی ناموسڵمانە و رقی لە موسڵمانانە لەبەر ئەوە پێویستە کورد و تورک هەر دووکیان دژایەتی بکەن، جگە لەوەی لەو سەردەمەدا دوو مەسەلە هەبوو کوردی ورژاندبوو، یەکێکیان دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستان بوو کورد زۆر دژی بوو، پێی وابوو ئەگەر دەوڵەتێکی مەسیحی بەتەنیش کوردەوە دابمەزرێ لەبەرژەوەندی کوردا نییە، بەتایبەتی کە مەسەلەیەکی تریش هەیە پاش ئەوەی ئەرمەن تووشی جینۆسساید بوو لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی زۆری ماڵو موڵکی ئەرمەنەکان بەر کوردەکان کەوتبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر دەوڵەتی ئەرمەن دروست بوایە ئەم موڵک و سامان و ماڵە هەمووی لەکورد ئەسەندرایەوە، لەبەر ئەوە کورد دژی ئەوە بوو دەوڵەتی ئەرمەنستان دابمەزرێت، کەمالیستەکانیش هەر دژی ئەوەبوون دەوڵەتی ئەرمەنستان دامەزرێ، ئەمە کورد و کەمالیستەکانی لەیەک نزیک کردەوە لەم لاشەوە بەهۆی هەستی ئاینییەوە یۆنان بەشێک لەخاکی تورکیای داگیرکردبوو بەتایبەتی شاری ئیزمیر و دەوروبەری، کوردیش پێی ناخۆش بوو گەلێکی مەسیحی بێت دەوڵەتی عوسمانی و خاکە عوسمانی داگیربکات، جا بۆیە کاتێک لەشکری مستەفا کەمال بەرێکەوت بۆ شەڕ بۆ دەرپەڕاندنی یۆنانەکان لەوانەیە نیوەی ئەم لەشکرە لەکوردەکان پێکهاتبێت.

**د. کامەران محەمەد**: تەنانەت ئۆزدەمیر ئەوەندە بەهێز بوو توانی قەناعەت بەشێخ مەحمود بکات دوو نوێنەری کورد لەویلایەتی موسڵەوە بنێرێ وەکو ئەندامی پەرلەمانی نیشتمانی گەورەی تورکیا بەشداربن و لەدانیشتنەکاندا هەڵوێستی خۆی پێ بەهێز بکات، لەبەرانبەر بەریتانیا کە کوردەکان ئامادەییان هەیە لە پەرلەماندا و مافیان پارێزراوە و بەشێوەیەکی خۆویستانە ئەیانەوێت بێنە تورکیا و کۆمەڵێک پەیوەندی زۆر بەهێز کوردەکان و تورکەکان بەیەکەوە

ئەبەستێتەوە.

## کورد وەک خەڵکی تر چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکرد

**فەرید ئەسەسەرد**: شاندەکان هەموو لەوێ کۆبووبوونەوە کورد وەکو خەڵکی تر چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکرد، بەپەرۆشەوە بوو بزانێ مافی دەوڵەتی لێ ئەسەندرێتەوە یاخود لێی ناسەندرێتەوە تەنانەت ئەوکاتەی شاندەکان لە لۆزان کۆبووبوونەوە، شاندی کوردی کە لەسلێمانییەوە بەناوی شێخ مەحمودەوە نێردرابوو بۆ تورکیا لەئەنقەرەبوو، لەوێ نوێنەرانی تورکیشیان بینی بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن لەدژایەتی کردنی بەریتانیا کە پشتگیری لە پەیمانی سیڤەر دەکات، لەوێ باس لەوەکرا ئەوان شاندیان ناردووەتە لۆزان ئێستا پێویست ناکات باس لەم مەسەلەیە بکەین، ئەبێ چاوەڕێی ئەنجامەکانی بکەین، ئەو شاندەش کە نێردرابوو بۆ ئەنقەرە هیچی بەهیچ نەکرد، چونکە ئەویش هەر پاش لۆزان هەواڵەکەی پێگەیشت وایانزانی مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووە لەم لاوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی، کاتێ گەڕانەوە بۆ سلێمانی دەسەڵاتی شێخ مەحمودیش نەمابوو بەریتانیا هەموو شوێنەکانی گرتبوو، شێخ مەحمود سلێمانی بەجێهێشتبوو، دەوڵەتی شێخ مەحمود کۆتایی هابوو.

## کوردەکان خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو نەبوون

**د. کامەران محەمەد**: دەوڵەتی تورکی چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردی سەر بەدەوڵەتی تورکیا بۆ کۆنگرەکە ناردبوو بۆ ئەوەی پیشانی بدەن ئەمانە نوێنەری کوردن هاتوون بۆ ئەوەی لەکۆنگرەکەدا بەرەزامەندی خۆیان، ئەوەمان پێڕائەگەیەنن کە بخرێنە سەردەوڵەتی تورکیا، بەڵام هەر لەوێدا کریزۆن ئاماژە بەوە ئەکات ئەمانە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، بەتەواوەتی گوزارشت لەسیاسەتی کەمالییەکان دەکەن، ئەگینا ئەمانە تەعبیر لەخواستی سروشتی گەلی کوردناکەن بەتایبەتی لەویلایەتی موسڵ. ڕۆڵی کورد لەکوێدایە؟ ئاماژەمان بەوە کرد تورکیا وبەریتانیا هەمیشە ئەیانویست کورد وەک کارتێک بەکار بهێنن. بەڵام ئایا کورد نەیدەتوانی سوود لەناکۆکییەکانی هەریەکە لەم دوو هێزە وەربگرێ؟ کە لەکاتێکدا ناکۆکییەکان بەئەندازەیەک بوو بۆماوەی یەک ساڵ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بەس لەپەیمان نامەی لۆزاندا دواخرا، بێگومان ئەمە ڕەنگە پەیوەندی بە پەرتەوازەیی ونەبوونی یەکێتی نێو ماڵی کوردیدا هەبووبێ واتە کوردەکان خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو نەبوون بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەم ڕەوشە. حەز دەکەم ئاماژە بە بەرهەمێکی ئەدەبی گرنگ بدەم کە بەدیدێکی ڕەخنەیی لەو سەردەمەدا نووسراوە و ئەتوانین بڵێین وەڵامی ئەم پرسیارەی تێدایە کە ئەویش لەخەومای جەمیل سائیبە کە ڕەخنە لەعەقڵییەتی سیاسی ئەوکاتەی کورد ئەگرێ، ڕەخنە لەسەرکردایەتی کورد ئەگرێت، باس لەوە ئەکات لەنێو شاری سلێمانیدا سێ گروپ هەبوون گروپێکیان ئینگلیز خوازەکان بوون و گروپێکی تریان

نەتەوەییەکان بوون و گرووپێکی تریان تورکچییەکان بوون، ئەوانەی سەر بە ئینگلیز بوون ئەیانویست قەناعەت بە سەرکردایەتی کوردی بکەن لەو سەردەمەدا بەرژەوەندی کورد لەوەدایە بچێتە پاڵ دەوڵەتی عێراقی و ئەوەی ئینگلیز ئەیەوێت جێبەجێی بکات، چونکە ئەمڕۆ ئینگلیز گەورەی دنیایە و ئەویش بەڵێنی پێدان بەقسەیان بکات، لەدوای ئەمانەوە تورکچییەکان هاتن ئەوانەی کە بانگەشەیان ئەکرد پێویستە ئێمە پەیوەندییەکی ئاینی و مێژووی بەهێز لەگەڵ تورکیادا ئەمان بەستێتەوە ئەبێ بخرێینە سەر دەوڵەتی تورکیا وە قەناعەتیان بەسەرکردایەتی ئەوکاتە ئەکرد بەرژەوەندی ئێمە لەوەدایە کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر تورکیا، هاوکات لەوە نەتەوەییەکانیش ئەوانەی خەونی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردیان هەبوو، باسیان لەسەربەخۆیی کورد و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەکرد و باسیان لە یەکگرتنی کورد ئەکرد بەدڵنیاییەوە قەناعەتی بەوانیش هەبووە لەو کاتەدا ئەیوت ئەوەی ئێوە دەیڵێن زۆر راستە و پێویستە ئێمە وابکەین، واتە سەرکردایەتی کورد ئەوکاتە خاوەنی پلانێک یان بڕیارێکی یەگرتوو نەبووە. دەتوانین بڵێین هەمیشە پاشکۆ بووە، واتە چاوەڕێی رووداوەکانی ئەکرد بزانێ چی لەتورکیا ئەگوزەرێ و چی لەعێراقدا ئەگوزەرێ و دواتریش بزانن چی لەپەیماننامەی لۆزاندا ئەگوزەرێ، ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد لەپەیماننامەی لۆزاندا چۆن بڕیار لەچارەنووسی کورد ئەدرێ و ئەمان دوایی کاری بۆ بکەن، واتە ئەمە یەکێکە لەگەورەترین خاڵە لاوازەکانی کورد لەو کۆنگرەیەدا ئامادەیی نەبوو.

**فەرید ئەسەسەرد**: پەیمانی لۆزان بەهیچ شێوەیەک ناوی کورد و کوردستانی تێدا نەهاتووە، ناوی ئەرمەنی تێدا نەهاتووە، تەنانەت باس لەسیڤەریش ناکات، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەڵوەشانەوەی پەیمانی سیڤەرە، تەنانەت لەو رێکەوتننامەیە ئەوەندەی کە قازانجی گروپە ناموسڵمانەکانی تێدبوو ئەوەندە قازانجی کەمینە موسڵمانەکانی تێدا نەبووە بۆ نموونە لە پەیمانی لۆزاندا کورد جگە لەوەی وەکو نەتەوە ناوی نەهاتووە و دانیشی پێدا نەنراوە، تەنانەت وەکو کەمینەیەکی بچوکیش لەتورکیا دانی پێدانەنراوە، چونکە یەکێک لەخاڵەکان ئەوەیە کە ئەبێت تورکیا مافی زمانەوانی و مافی کەمینە ناموسڵمانەکان دابین بکات، لەبەر ئەوە کورد موسڵمانە ئەم خاڵە نایگرێتەوە تەنانەت خوێندنی زمانی کوردیشی بۆ کورد نەسەلماندووە، هیچ بۆچوونێکی دیاری کراو سەبارەت بەمافە سیاسییەکان بۆ کورد بەرجەستە نەبووە، لۆزان وەک ئەوە باسی کوردی کردووە وەک ئەوەی کە نەبێت، تەنانەت ئەرمەنەکان هەلومەرجیان باشتربووە، چونکە ئەوان وەکو کەمینەیەکی ئاینی لەتورکیا دانیان پێدانراوە و ناویان نەهاتووە، بەڵام وەکو کەمینەیەک دانیانپێدانراوە. ئەگەر هەلومەرجی ئەو سەردەمە لەیەک بدەینەوە ئێستا زۆرکەس باسی ئەوە دەکات کە کورد بۆ هیچی نەکردووە دژی پەیمانی لۆزان؟ پرسیارەکەش لەوەوە هاتووە ئەگەر ئەمرۆ شتێک رووبدات وەکو پەیمانی لۆزان ئێمە هەموو مان راپەڕین ئەکەین و چەک هەڵدەگرین و شەڕ ئەکەین و پەلاماری داگیرکەر ئەدەین، لانی کەم خۆ پیشاندان ئەکەین یاداشت ئەنووسین هەرواناوەستین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - رێکەوتی: ٣ی دیسەمبەری ٢٠١٩

# دوای ٩٩ ساڵ لە پەیماننامەی لۆزان هیچ شتێک نەگۆڕاوە



سەعدی ئەحمەد پیرە*

وا دیارە لەم بەشەی جیهاندا کات تێنەپەڕیبێت، ٩٩ ساڵە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی لۆزان، هاوسەنگی، شێوەی ژیان، پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و گروپە مەدەنییەکان، مافی مرۆڤ، تەنانەت سادەترین شتەکان، وەک... مافی قسەکردن و دەربڕین و نووسین بە زمانی دایک، هێشتا پێدەچێت لەسەر بنەمای بناغەکان بنیاتبنرێت، کە پەیمانی لۆزان لەسەری بنیاتنراوە، واتە هێز و تەنیا هێز.

بە بڕوای ئێمە ئەو وردەکاریانەی کە پەیوەندییان بە پەیماننامەکەوە هەیە، تایبەت بە بوون و مافی گەلی کورد لەم ناوچەیە لەگەڵ جیهاندا، کە تا ئێستا ماون، دەتوانرێت لە پێنج ئاستدا تێبگەین:

*پەیمانی لۆزان کۆدەنگییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەمایەکی بنەڕەتی مۆدێرنیتەی سیاسی، کە لەسەر بنەمای مافی گروپەکان بۆ چارەی خۆنووسین، ئەگەر ئیرادەی هاوبەشیان هەبێت.

پەیمانی لۆزان کە لەسەر بنەمای وێرانەکانی پەیمانی سیڤرێس بوو، بڕگەی سەرەکی لەو پەیماننامەیەدا هەڵوەشاندەوە، کە لەسەر بنەمای پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە گەلی کورد بوو، بەپێی مادەکانی ٦٢ - ٦٤ یان، وەک باقی گەل و

گەلان کە لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان.

ئەمڕۆ زۆر لەوە هەیە و کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەیە، کە گەلێکی فۆرماتیڤ و بنەڕەتیی ناوچەکە؛ شایەنی ئەوە نین چارەنووسی خۆیان یەکلاییبکەنەوە، وەک خۆیان ئارەزووی دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئامادەبن بۆ ئەوپەڕی رادەی هاوکاری و پێکەوەژیان لەگەڵ باقی گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکەدا.

* هەروەها پەیمانی سیڤرێس، هەوڵێکی ئینتیمی بوو بۆ بەردەوامبوونی هەڵوەشاندنەوە و جوگرافیا و زمان و گەلان و تەنانەت مێژووش. ئەم فۆڕمانە لە هەڵوەشاندنەوە، کە تا رادەی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەی کورد بە وردی جێبەجێکرا، بە مانای گۆڕینی ریشەیی راستیبە بابەتییەکان بوو لەسەر زەوی و لە رێگەی هێزەوە.

گەلی کورد، لە ولاتە جۆربەجۆرەکانی ناوچەکەدا، نە لە خواستێکی شەخسی یان مەیلی توندوتیژی، بەڵکو تەنیا لە پرەنسیپی بەرگریکردن لە خۆ، لە بەرامبەر ئەو هەڵوەشاندنەوەدا، کە راوەدووی دەگرت، شەڕی داستانی شۆڕش و راپەڕینەکانی دەکرد، ئەوان لە رێگەی ئەو پەیماننامەیەوە.

هێشتا هەڵوەشاندنەوەکە بەردەوامە، ئەگەرچی لە ئاستەکاندا جیاوازە، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، بەڵام وەک هەڵوەشاندنەوەیەک دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی دانپێدانانێکی بەکۆمەڵ بە بوونی جوگرافیا و زمان و شوناس و گەلی کورد لەم هەرێمەدا نەبێت، لەگەڵ برا و هاوبەشەکانی، عەرەب، فارس، تورک، ئەرمەنی و ئەوانی تر.

* هەروەها پەیمانی لۆزان دەرگای فراوانی بە رووی فۆڕمەکانی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کردەوە، کاتێک پاڵ بە گواستنەوەی ملیۆنان دانیشتوانی مەسیحی لە تورکیاوە بۆ یۆنان و موسڵمانان لە یۆنانەوە بۆ تورکیا دەنێت. چاوی لەو ئاوارەییە داخست، کە دەوڵەت بەرامبەر گەلی کورد، لەژێر ئالای پرۆژە ئابوورییەکاندا پیادەی دەکرد، بەڵام هەموویان شێوەی جینۆساید و جینۆسایدی کەلتوری بوون، کاتێک سەدان هەزار کەسیان لە رەگوریشەی خۆیان جیاکردەوە. ئەم عەقڵیەتە، کە لە رێکەوتنی لۆزانەوە سەرچاوەی گرت، دەرگای فراوانی بە رووی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هاوتایدا کردەوە، کە لەوێدا هەڵمەتی ئەنفالکردنی ترسناک، کە لەلایەن رژێمی پێشووی عیراقەوە ئەنجامدرا، لووتکەی ئەم کارە دڕندانەیە بوو دژی مرۆڤەکان.

ئەمڕۆ لە عەفرین و سریانی و ناوچەکانی تر، شتێکی هاوشێوەی ئەو شتە هەیە و لە دژی گەلی کورد جێبەجێدەکرێت، کە

قوربانیی بەردەوامی ئەو ڕێکەوتنە بوون.

* لەسەرووی ئەوەشەوە پەیماننامەکە نموونەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو لە گۆڕینی گەلان و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ناوچەکە بۆ دەستی کێبڕکێی زلهێزەکان و ململانێی گەلان.

هەڵوەشاندنەوەی گەلانی ئەرمەنی و سریانی و یۆنانی و کورد لە پەیماننامەکەدا و گۆڕینی تەواوی ناوچەکە بۆ فەزایەک بە یەک شوناس، کە تورکییە، تەنیا لەبەر ئەوەی بەریتانیا و فەرەنسا هەوڵیان دەدا تورکیا دڵخۆش بکەن بە جۆرێک کە ئەو لە شۆڕشی کۆمۆنیستی/بۆلشەفی لە ڕوسیا لەو کاتەدا نزیک نەدەبۆوە.

ئەو ڕازیبوونە، لەسەر حسابی گەلان و مافی گروپەکانی ناوچەکە، تا ئێستا، هەرچەندە بە فۆڕمی جیاوازی دیکە بەردەوام بووە.

ئێستا هەمان شت ڕوودەدات، پێکهاتە مەدەنییەکان، گەلانی ژێر دەست و کەلتورە ناوخۆییەکان، هێشتا قوربانیی پشتیوانیی وڵاتانی گەورەی ناوچەکەمانن، لەسەر حیسابی کۆمەڵگە ناوخۆییەکانیان و مافەکانیان، کۆدەنگیی سەرەکیی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییەکان هێشتا ئامادەن لەسەر حیسابی خەڵک و مافەکانیان لە هەرێمەکەماندا.

* بەڵام گرنگترین شت لە پەیمانی لۆزاندا دانانی ئەو حوکمە بوو کە سوپا و سەربازەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە و وڵاتان دەدەن نەک بە پێچەوانەوە.

بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونە جیهانییەکانەوە، وەک چۆن کۆمەڵگە و خەباتە هاوبەشە کەڵەکەبووەکان بڕیارە چوارچێوە و فۆڕم و سیستمی سیاسی و پەیوەندییە هەمیشەییەکانی دەوڵەتان دیاری بکەن، ڕێکەوتنی لۆزان کە لە نێوان سەرکردەکانی سوپای ناکۆکی ئەو سەردەمەدا ڕوویدا، دان بەوەدا دەنێت سوپاکان و دەسەڵات و کاریگەرییەکانیان لە هەموو شتێکی تر باڵاترن. بەهەا سیاسییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ و داینامیکی مۆدێرنیتەی سیاسی وەک دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕۆڵی پەرلەمانەکان زاڵن.

ئێستا، ئایا هەرێمەکەمان جگە لەوە شتێکی ترە، ئایا شتێکی ترە جگە لە گۆڕەپانێکی گەورە بۆ ململانێ توندوتیژەکان و چەقۆکێشان و هەژمونی باڕووت لە هەموو لایەکەوە.

بە جۆرێک پەیمانی لۆزان ژێرخانی دامەزراند بۆ پێکهێنانی ژیان لە ناوچەکەماندا، پەیمانێک کە هات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و جێگیرکردنی ئاشتی، بەڵام هەموو شتێکی پێچەوانە کرد، بە کورتە وتەی مێژوونووسی بەریتانی دەیڤید فرومکین: «ئەوە». پەیمانێکی ئاشتی بوو، دوای ئاشتی».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠٢٢

---

## کاتێک کوردستان دەکەنە عێراقی!



**عادل باخەوان**

نۆڤەمبەری ١٩٢٢، هەردوو شاندی تورکی و بەریتانی دەگەنە شاری لۆزان لە سویسرا. عیسمەت پاشا سەرۆکایەتیی شاندی تورکیای دەکرد و لۆرد کورزۆنیش سەرۆکایەتیی شاندی بەریتانیای دەکرد. لۆزان چەند کەشوهەواکەی ساردبوو، هێندەش دیبەیتە سیاسییەکەی نێو کۆنفرانسەکەی گەرمبوو. بابەتی سەرەکیی کۆنفرانس بە فەرەنسی لەسەر خشتەی رۆژەکە نوسرابوو: پرسی سەروەریی تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ.

تورکیای نوێی مستەفا کەمال، کە لە پێگەیەکی بەهێزدابوو لە بەرامبەر رکابەرەکانیدا، پێی نابووە نێو قۆناخێکی تازەوە و بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست پابەندبێ بە رێککەوتننامەی سیڤەرەوە کە لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٠ دا واژۆکرابوو، چونکە لە سیڤەردا، ماددەی ٦٠ تاوەکو ٦٣، بە روون و ئاشکرا و بە رەش لەسەر سپی باسی لە دەوڵەتی کوردستان کرابوو،

دەوڵەتێک بۆ کورد، دەوڵەتێک لەسەر خاکی کوردستان. پێش دەرچوون بەرەو لۆزان، مستەفا کەمال بە عیسمەت پاشا دەڵێت کە دەبێت یارییەکە بگۆڕێت و رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکاندا بکات، رێککەوتنێک کە گوزارشتبێت لە سەرکەوتنی تورکیا و جێگەی رێککەوتنەکەی سێڤەر بگرێتەوە، رێککەوتنێک کە ببێتە بنەمای سیستمی جیهانی نوێ.

کاتێک عیسمەت پاشا دەگاتە لۆزان، هەر لە رۆژی یەکەمی کۆنفرانسەوە دەست دەکات بە نمایشکردنی سیستمی کۆی ئەو بەڵگانەی کە سازدراون بۆ سەلماندنی ویلایەتی موسڵ وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی تورکیا و لێرەوە دیبەیتێکی گەرم و توند لەنێوان عیسمەت پاشا و لۆرد کورزۆن دا، لەسەر چوار بابەت و بە چوار بەڵگەوە دروست دەبێت.

## بەڵگەی یەکەم

بەڵگەی یەکەمی عیسمەت پاشا بریتیبوو لەوەی کە عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵ تەنیا کەمینەیەکی زۆر کەمی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ پێکدێنن و، زۆرینەی هەرە زۆری ویلایەت سەرەتا لە کورد و پاشان لە تورکمان پێکهاتووە. لێرەوە لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە بێ مانا و بێ بەهانە و بێ شەرعیەتە.

لە وەڵامی ئەم بەڵگەیەی عیسمەت پاشادا، لۆرد کورزۆن دەڵێت: بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، هەموو دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ، بە سلێمانیشەوە، دەنگیانداوە بەوەی کە لەگەڵ هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەدا بمێننەوە نەک بخرێنە سەر تورکیا.

لە راستیدا لۆرد کۆرزۆن رووداوەکان بە هەڵگەڕاوەیی باس دەکات، چونکە کاتێک لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەریتانیا گشتپرسی لە سلێمانی رێکدەخات، ٨٣%ی کورد دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان دەدەن و نایانەوێ بخرێنە سەر دەوڵەتی عێراق.

## بەڵگەی دووەم

بەڵگەی دووەمی عیسمەت پاشا بریتیبوو لەوەی کە تەواوی گۆڕینەوە بازرگانییەکانی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ تورکیادایە نەک لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا نییە و، تەبەعیەتی ئابووریی ویلایەتی موسڵ بۆ ئێمەیە نەک بۆ بەغدا و بەسرە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی هاووڵاتیانی ئەم ناوچەیە کە دەتوانن لە سایەی سەروەریی تورکیادا بە ئارامی و ئاسایشەوە بژین.

لۆرد کۆرزۆن وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: چۆن دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین کە خاکێکی دەوڵەمەند کە لەنێوان دیجلە و فورات دا بێت، نەتوانێت وەڵامی داواکارییە ئابورییەکانی خۆی بداتەوە و پێویستی بە ئابووری دەرەوەی خۆی هەبێت بۆئەوەی یارمەتی بدات! ئەم خاکە خۆی بەشی خۆی و هاووڵاتییەکانی دەکات و تەبەعیەتی ئابووریی بۆ هیچ کەس و لایەنێک نابێت.

## بەڵگەی سێیەم

بەڵگەی سێیەمی عیسمەت پاشا پەنابردنە بۆ شەرعیەتی نێودەوڵەتی و دەڵێت : داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لەلایەن بەریتانیاوە ناشەرعییە، چونکە پێچەوانەی ئاگربەستی مودرۆسە کە لە ساڵی ١٩١٨ دا واژۆکراوە و بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەریتانیا مافی ئەوەی نییە هیچ پارچە خاکێکی تورکیا داگیر بکات و ویلایەتی موسڵیش خاکی تورکیایە! لە وەڵامی ئەم بەڵگەیەی پاشادا، لۆرد کۆرزۆن تەنیا دەڵێت: کۆمەڵەی گەلان مافی داوە بە بەریتانیای گەورە کە لە عێراقدا بمێنێتەوە و هاوکاری بکات و بیخاتە ژێر ئینتیدابی خۆیەوە و ویلایەتی موسڵیش بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراقی مێژوویی!

## بەڵگەی چوارەم

دوا بەڵگەی عیسمەت پاشا بریتییە لە کارتی گشتپرسی و، داوا دەکات لە کۆمەڵەی گەلان (کە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستا دەکات) گشتپرسییەک سازبکات بۆ ئەوەی بزانرێت برا کوردەکان پێیان خۆشە بخرێنە سەر عێراقی عەرەبی یان لەگەڵ تورکیادا بمێننەوە؟ لە دوا وەڵامیدا لۆرد کۆرزۆن ڕوو دەکاتە پاشا و پێی دەڵێت: دڵنیاتان دەکەمەوە کە کوردانی ویلایەتی موسڵ، هیچ جۆرە خواستێکیان نییە لەوەی کە بخرێنە سەر تورکیا و ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە لەژێر سەرپەرشتی و پارێزگاریی بەریتانیای گەورەدا بمێننەوە.

## کۆتایی

ئەوەی لەم دیالۆگەی نێوان پاشا و لۆرد، تورکیا و بەریتانیا لە لۆزان دا گرنگە ئەوەیە کە کوردانی ویلایەتی موسڵ، کە ٥٢%ی دانیشتووانیان پێکدەهێنا، هیچ جۆرە نوێنەرایەتییەکیان لە لۆزان و لەنێو کۆنفرانسەکەدا نەبوو! تورکەکان و بەریتانییەکان خۆیان وەک نوێنەر و پارێزەر و گوزارشتکار لە خواستی کورد بە دنیا دەناساند و وا مامەڵەیان دەکرد کە گەلی کورد یان بەشێک بێت لە بەریتانیای گەورە یان لە تورکیای نوێ!

هەر یەکێک لەم دوو شاندە گەورەیە و تەواوی بەشداربووانی کۆنفرانسی لۆزان هیچ خواستێکیان نەبوو کە پرس بەو دەستەبژێرە نەتەوەییە کوردییە بکەن کە لە ساڵی ١٩١٩ دا دەوڵەتێکی کوردی لە سلێمانی دامەزراندبوو، دەوڵەتێک کە پاشای هەبوو، حکومەتی هەبوو، ئاڵای هەبوو، مارشی هەبوو، سنووری هەبوو، جەماوەری هەبوو، پەیوەندی جیهانی هەبوو.

ئەم دەستەبژێرە ناسیۆنالیستە، نەیدەیوست لەنێوان تورکیا و عێراق دا یەکێکیان هەڵبژێرێت، دەیوسیت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی لەسەر خاکی خۆی.

لە مانگی مارسی ١٩١٩دا، نوێنەری بەریتانیای گەورە، لە برووسکەیەک دا بۆ لەندەن دەڵێت: نازانم چاوەڕوانی چیدەکەن؟ لێرە، لە سلێمانی، دەوڵەتێکی دۆستی بەریتانیا دروستبووە و تەنیا چاوەڕوانی دانپێدانانی ئێوە دەکات، بەڵام دواتر رووداوەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆن. عیسمەت پاشا گەڕی یەکەمی دانوستاندن لەسەر ویلایەتی موسڵ دەدۆڕێنێت، ناسیۆنالیستەکانی سلێمانیش هەر دەیدۆڕێنن و تەنیا لۆرد کۆرزۆن یاریەکە دەباتەوە و لە دیسەمبەری ١٩٢٥ دا و بەپێی بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان، ویلایەتی موسڵ بە فەرمی دەخرێتە سەر عێراق و ئیدی لەم چرکەساتە بەدواوە کوردستان دەکەنە عێراقی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٢ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی